بسم الله الرحمن الرحيم



2 فراوانیی گوفتاری قورئان


8 ئامێری تەکنەلۆژیا و قورئان


14 لادانی جینسی


24 کاریگەری خراپی دەنگی بەرزی ئامێرەکانی ژەنین


26 چەند هەماهەنگییەکی ژمارەیی سەرنجڕاکێش لە قورئاندا


28 ئیعجازا زانستی یا قورئانێ د بەحسکرنا چیایاندا


ئەم گۆڤارە ئایەت و فەرموودەی پیرۆزی تێدایە، پاراستنی پێویستە.

# هەیڤ


بەشی کوردی

یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەیڤ لە ساڵی 2002دا بلاو کرایەوە

ژمارە (47) پاییزی 2017ز - 1438ك

www.haiv.org

خاوەنی ئیمتیاز
ناوەندی کوردستان
بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا



سەرنووسەر
د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل

جێگری سەرنووسەر
خالید حەسەن عەلی

بەڕێوەبەری نووسین
هاوژین طالب رضا
009647707601225

ڕاوێژکاری یاسایی
محەمەد ڕەئووف ئەحمەد
009647701527323

دستەی نووسەران
فارووق ڕەسووڵ یەحیا
محەمەد حسێن کەریم
د. کاوە فەرەج سەعدون
جەمال محەمەد ئەمین
د. محمد جمیل الحبال
بەرزان ئەبوبەکر ڕەشید
د. بەهێز محەمەد ساڵح
سەرور حەسەن عەلی

دیزاین
زانیار ئەنوەر ئەحمەد
zanyarkurdish@gmail.com



پەیوەندی
haivkurdy@gmail.com
www.facebook.com/kurdhaiv

ناونیشان:
سلێمانی - شەقامی سەرەکی چوارچرا
بەرامبەر زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

# هەیڤ

47

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە
ناوەندی کوردستان
بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا
دەریدەکات



## کاریگەری خراپی
## دەنگی بەرزی ئامێرەکانی ژەنین

## بیولوجیة الإیمان





## لیکی سەگ
## هەندێك جار کوشندەیە!



## ئایا مرۆڤ تەنها
## پێویستی بە خواردنە
## ڕووەکییەکانە؟

ئەم پرۆژانەی ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا بەردەوامە.

## گۆڤاری هەیڤ







## کتێب و نامیلکە










## کۆڕ و خول





## سایتی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان






kurdhaiv govari.haiv haivkurd haiv.org

بۆ درێژەدان بەم پرۆژانە کە تەنها لە خزمەتی قورئان و سوننەتدان، ناوەندەکەتان پێشوازی لە هاوکاریی ماددی و مەعنەویی بەڕێزتان دەکات.

بۆ زانیاری: 07707601225



ئەسی
پێشەنگی تەکنەلۆژیای نوێ
قیستی مانگانە
17.000
12+1
مانگ
گەرەنتی
ASSE
Q6
32GB
Production by asse
Fingerprint
ASSE Q6

## کۆنگرەی یەکەمی ناوەند...

# پێشبینیی و هیوا

سەرنووسەر

دەرچوونی ئەم ژمارەیەی (هەیڤ) هاوکاتە لەگەڵ بەستنی یەکەم کۆنگرەی زانستیی ناوەند، لە ژێر ناونیشانی (ئیعجازی قورئان و سوننەت ھاندەرە بۆ توێژینەوەی زانستیی)، کە ئەمەش ملۆیەکی نوێیە دەخرێتە سەر خەرمانی 16 ساڵەی ناوەندەکەمان... دوای بەخشینی هەوڵ و کۆششێکی زۆر، لە لایەن ئەندامان و دۆستانەوە، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتێکی نوێ بە ئیسلام، بەڵام تۆکمە و چەسپاو، کە هیوادارین ڕەگێکی پتەو و لقەکانیشی لە تەشقی ئاسماندا بێت: ﴿ أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا كَلِمَةٗ طَيِّبَةٗ كَشَجَرَةٖ طَيِّبَةٍ أَصۡلُهَا ثَابِتٞ وَفَرۡعُهَا فِي ٱلسَّمَآءِ ﴿٢٤﴾ ﴾ إبراهيم.. بە پێشکەشکردنی کۆڕ و سیمینار و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و، دەرکردنی کتێب و نامیلکە، لە نێوەندیشیاندا جوانترین دیاریمان (هەیڤ)، کە گەیشتۆتە ژمارە (47)ی، بۆ ساڵی پازدەهەم.

لە قۆناغی دووەمی ناوەندیشدا (ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستیی لە قورئان و سوننەتدا) زیاتر هەوڵدراوە بۆ جۆراوجۆرکردنی چالاکییەکان، بە کردنەوەی خولی زانستیی و کاراکردن و گرینگیدان بە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان...

هاوکات ئەم کۆنگرەیە ئەزموونێکی نوێیە بۆ ناوەند و ئەندامان و، کارێکی گرنگ و جۆرییە و، چەندین بەشداربوو لە دەرەوەی سلێمانی و تەنانەت دەرەوەی کوردستان و عێراقیش ئامادە دەبن، کە هیوادارین چەند ڕۆژێکی بەفەڕ و پڕ زانست بن.

جەدوای بەستنی کۆنگرەی زانستیش زۆرن؛ لەوانە تاوتوێکردنی بابەتە زانستییەکان لە لایەن پسپۆڕان و خاوەن ئەزموونەکان، بۆ گەشتن بە ڕای زانستیی پەسەند لە نێو ڕا و بۆچوونە جیاوازەکاندا و، دەرکردنی پێشنیار و ڕاسپاردەی کۆتایی.

لەوانەش، ئاشناکردنی توێژەران و ئاشقانی زانست بە نوێترین توێژینەوە و بۆچوونە زانستییەکان... وەك وتراوە بەشداریکردن لە کۆنگرەیەکدا بەرامبەرە بە خوێندنەوەی چەند کتێبێك... هەروەها بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر بابەتە یەکلانەکراوەکان و، ڕاستکرنەوە و ڕێکخستنەوەی زانیارییەکان، بە تایبەت بۆ توێژەرە پێگەیشتووەکان، چونکە تیایدا دەرگای گفتوگۆی گشتی (لە کاتی پێشکەشکردنی توێژینەوەکان) و، دوولایەنە و بە کۆمەڵ (لە پەراوێزی کۆنگرەدا) واڵا دەکرێتەوە.

هەروەها بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون و شارەزایی بەشداربووان، کە وا پێشبینی دەکرێت چەند توێژەر و زانایەکی بەڕێز، لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم، بەشداربن، کە هەندێکیان خاوەنی ئەزموونێکی زۆرن لە ئیعجازی قورئانیدا، لە بوارە جیاجیاکانی زانستیی و ڕەوانبێژی و... چونکە ئەم جۆرە کۆنگرانە هەلێکی باشن بۆ بەیەکگەیشتنی دۆستان و بانگخوازان، کە هەندێکیان هەر لە دوورەوە یەکتری دەناسن، یان بۆ چەند ساڵێك لێك دابڕاون، لەو کۆبوونەوانەدا بە یەك شاد دەبنەوە.. لە پەراوێزی کۆنگرەدا چەندین ئەندام چالاکییە زانستیەکانی خۆی پێشکەش دەکات، وەك نوسین و کتێبەکانیان.. جاری واش هەیە ڕێککەوتنی زانستیی و هاریکاری تیا ئەنجام دەدرێت..

هیوادارین کۆنگرەکەمان ببێتە مایەی سوود بۆ گشت ئەندامانی و بە چەندین پێشنیاری بەهێز و هیوابەخش کۆتایی پێ بێت و، چەند ساتێکی خۆش و زانستی پێکەوە بەسەربەرین، لە پایتەختی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان..

﴿ وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمۡ وَرَسُولُهُۥ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۖ وَسَتُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿١٠٥﴾ ﴾ التوبة..

## موعجیزاتی قورئانی

# فراوانیی گوفتاری قورئان



ن: مامۆستا سەعیدی نوورسی     و: فارووق ڕەسووڵ یەحیا

گوفتاری قورئانی پیرۆز، سیفەتی (هەمەکێتی و، فراوانیی ڕەها و، بەرزی و، شموول)ی بەدەست هێناوە. چونکە ڕاستەوخۆ لە پلەوپایەی هەرە فراوانی پەروەردگارێتییە گشتییەکەی خاوەن گوفتاری ئەزەلییەوە دەرچووە..

هەروەها قورئانی پیرۆز ئەم سیفەتانەی لە پلەوپایەی مەزن و فراوانی ئەو کەسەوە وەرگرتووە کە ئەم کتێبەی بۆ نێرراوە، کە ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستەیە ﷺ بە ناوی هەموو مرۆڤایەتییەوە، بەڵکو بە ناوی هەموو بوونەوەرانەوە، لە لایەن خواوەندەوە، گوفتاری لەگەڵ دەکرێت..

هەروەها ئەم سیفەتانەی لەوەوە دەست دەکەوێت کە ئەم گوفتارەی قورئان ڕوو لە پلەوپایە فراوانەکەی هەموو چینەکانی مرۆڤایەتی دەکات لە هەموو سەردەمێکدا بە گشتی..

هەروەها لەو پلەوپایە بەرزەی ڕوونکردنەوە کامڵ و شیفابەخشەکانی ئەو یاسا خواییانەوە دەستی دەکەوێت کە پەیوەندییان بە دنیا و قیامەت و، زەوی و ئاسمان و، ئەزەل و ئەبەدەوە هەیە و تایبەتن بە پەروەردگارێتیی خواوەندەوە و کاروباری هەموو بوونەوەران دەگرنەوە.

جا ئەم گوفتارە مەزنەی قورئان کە ئەم هەموو فراوانی و بەرزی و شموولەی دەست کەوت، ئیعجازێکی قەشەنگ و دەوروەدانێکی گشتی دەردەخات. بە چەشنێك کە پلە سروشتی و ئاشکراکانی هەروەك بە نەرمونیانی لەگەڵ تێگەیشتنی سادەی عەوامەکاندا (کە زۆربەی گفتوگۆ لەگەڵ کراوانی قورئانن) مامەڵە دەکات، هەروەها بەشێکی زۆریش لە ڕێنمایی و واتاکانی بە بەرزترین ئاستە فیکری و چینە عەقڵییەکانی مرۆڤ دەبەخشێت..

کەواتە وەنەبێت تەنها بەشێکی کەم لە ڕێنماییەکانی بە گفتوگۆ لەگەڵ کراوانی خۆی ببەخشێت و تەنها بە یەك پەندی چیرۆکێکی مێژوویی تایبەتمەندیان بکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەموو چینێك لە هەموو سەردەمێکدا تاکێکە لە تاکەکانی دەستوورێکی هەمەکی، ئەوا قورئانی پیرۆز ڕوو لە هەموو چینێکی هەموو

سەردەمێك دەكات و بە گوفتارێكی تازە و نوێ و پاراو وەك بڵێی ئا ئێستا نازڵ بووبێت، لەگەڵیاندا دەدوێت..

بە تایبەتی كە بە زۆری: (الظالمین.. الظالمین) دووپات دەكاتەوە و بە توندی سەرزەنشتیان دەكات و هەڕەشەی سامناكیان بە هاتنی بەڵا و موسیبەتی زەوی و ئاسمان بەهۆی تاوان و ستەمەكانیانەوە ئاراستە دەكات.

بەم دووپات كردنەوەیەش سەرنجی خەڵكی بۆ لای چەندین ستەمی وا ڕادەكێشن كە لەم چەرخەدا وێنەیان نییە. ئەمەش بەهۆی باسكردنی چەند جۆرێكی ئەو ئەشكەنجە و بەڵا و موسیبەتانەی هاتنە ڕێی قەومی عاد و سەموود و فیرعەون و، بە باسكردنی ڕزگاربوونی چەندین پێغەمبەری بەڕێزی وەك حەزرەتی ئیبراهیم و مووسا، دروودیان لەسەر بێت.

پاشان ئەم قورئانە مەزنە بە ئیعجازێكی قەشەنگ و ڕوون هەموو چینێك لە هەموو سەردەمێكدا بۆ ئەوە ڕێنمایی دەكات كە كاتە ڕابوردووەكان و سەردەمە لەناوچووەكانی زوو، لە ڕوانگەی گومڕایانی بێ ئاگاوە بریتییە لە شێوێكی قوڵی عەدەم و چۆڵ و سامناك و گۆڕستانێكی ئازاردەری پڕ لە خەفەت و دەردیسەری.. ئەمەی كە گومڕایی وامان پیشان دەدات، قورئان وەكو لاپەڕەیەكی زیندووی پڕ لە پەند و دەرس و عیبرەت و، جیهانێكی سەیری وا پیشانمان دەدات كە سەرتاسەری بە "ژیان" ڕازاوەتەوە و، وڵاتێكی پەروەردگاریانەی ئەوتۆ كە چەندین جۆر پەیوەندییان لەگەڵماندا هەیە..

ئەمەشمان بە ئیعجازە بێ وێنەكەی خۆی و وەك لەسەر شاشەدا پیشانمان بدرێت، ئاوا بۆ ڕوون دەكاتەوە. ئەوەتا هەندێ جار ئەو سەردەمانە بۆلای ئێمە دەهێنێت و دەیانخاتە بەرچاومان، هەندێ جاری تر ئێمە بۆ ئەو سەردەمانە دەبات.

ئەو "گەردوون"ەی كە لەخواغافڵان بە بۆشاییەكی سامناكی بێ بن و، چەند بێ گیانێكی شڵەژاوی دەبینن كە لە گێژاوی ئازار و جوداییدا خل دەبنەوە و گێژ دەخۆن..

قورئانی پیرۆز، بە هەمان ئیعجاز، ڕوونی دەكاتەوە كە ئەم (گەردوون)ە كتێبێكی ڕەوانە؛ خاوەندی تاك و تەنیا و صەمەد نووسیویەتی و، شارێكی ڕێكوپێكە كە خاوەندی بە بەزەیی و میهرەبان ئاوەدانی كردووەتەوە و، پیشانگایەكی قەشەنگ و بێ وێنەیە كە پەروەردگار بۆ پیشاندان و ناوبانگ پێ دەركردنی بەدیهێنراوانی خۆی ئامادەی كردووە.

قورئانی پیرۆز، بەم ڕوونكردنەوەیە، ژیان بەو بێ گیانانە دەبەخشێت و وایان لێ دەكات كە لە نێوان خۆیاندا بەدەم یارمەتیدانی یەكترەوە بڕۆن، وەك بڵێی بە جۆرێكی ڕاستەقینە و پڕ لە خۆشەویستی لەگەڵ یەكتر بدوێن و وتووێژ بكەن، دەبینیت هەموو شتێك كار و ئەرك و فەرمانبەرییەكی پێ سپێرراوە..

بەم جۆرە، قورئانی پیرۆز دەرسی حیكمەتی ڕاستەقینە و زانستی ڕووناكی بەخش بە جینی و ئینس و مەلائیكەتان دەڵێتەوە.

كەواتە بێ هیچ گومانێك ئەم قورئانەی كە ئەم ئیعجازەی لە ڕوونكردنەوەی شتاندا هەیە، شایانی ئەوەیە كە چەند تایبەتكارییەكی بەرز و پیرۆز بەدەست بهێنێت، وەك ئەوەی كە:

خوێندنەوەی هەر پیتێكی (دە) چاكە، بەڵكو لە هەندێ جاردا (هەزار) تەنانەت لە هەندێ جاری تردا (هەزاران) چاكە دەست خوێنەرەكەی دەخات..

هەروەها وەك دەستەوسانی هەموو جینی و ئادەمیزاد لەوەدا كە شتێكی هاووێنەی ئەو قورئانە دروست بكەن، با هەر هەمووشیان بۆ ئەو مەبەستە كۆ ببنەوە..

هەروەها وەك گفتوگۆ و دوانی پڕ لە بەلاغەت و دانایانەی لەگەڵ ئادەمیزاددا، بەڵكو لەگەڵ هەموو بوونەوەراندا بە گشتی..

هەروەها وەك ئەوەی كە لە هەموو سەردەمێكدا ملیۆنان كەس بەوپەڕی ئارەزوومەندی و چێژ لێ وەرگرتنەوە حەزیان بە لەبەركردنیەتی..

هەروەها وەك بێزار نەبوون لە زۆرخوێندنەوەی، سەرەڕای دووپاتبوونەوەكانیشی..

هەروەها وەك جێگیربوونی بە تەواوی لە زەینی ناسك و سادەی منداڵاندا، هەرچەندە جێگا و ڕستەی زۆری وەهایشی تێدایە كە لەوانەیە لێیان تێكبچێت..

هەروەها وەك لەزەت وەرگرتنی بیماران و ئەوانەی لە سەرەمەرگدان لە بیستنی قورئان و خۆش بوونی لە گوێیاندا، هەرچەندەش بە سادەترین قسە بێزار دەبن..

ئەمانە و غەیری ئەمانەش، لەو تایبەتكارییە بەرز و پیرۆزانەی كە قورئانی پیرۆز دەستی كەوتووە و، بەمانەش بەختەوەریی هەردوو دنیا بە خوێنەران و قوتابیانی خۆی دەبەخشێت.

هەروەها قورئانی پیرۆز ئیعجازە جوانەكەی خۆی لە "شێوازی ڕێنماییە ڕەوانەكەی"دا دەردەخات..

ئەوەتا زۆر بە جوانی چاودێریی نەخوێندەواریی ڕاگەیەنەرەكەی ﷺ كردووە، بەوەدا كە شێوازە ڕەوانە سروشتییەكەی خۆی بە بەردەوامی هێشتووەتەوە و، زۆر لەوە بەرزترە كە هیچ جۆرە تەكەللوف و ڕیایەك توخنی بكەوێت.

شێوازەكەی بە چەشنێكی وایە عەوامەكان - كە زۆربەی زۆری خەڵكن - لێی تێدەگەن.. شێوازی قورئان لەگەڵ ئەوانەدا بە جۆرێكە كە زۆر بە نەرم و ناسك و سادەیی مامەڵە لەگەڵ زەینیاندا دەكات، بۆ ئەمەش گفتوگۆكان دادەبەزێنێتە ئاستێكی نزیك لە تێگەیشتنیانەوە و، چەند لاپەڕەیەكی ئاشكرا و ڕوونی وەك ئاسمانەكان و زەوییان لە بەردەمدا واڵا دەكات و، سەرنجی بینەران بۆ موعجیزاتی توانستی خوا و دێڕەكانی داناییە لەڕادەبەدەرەكەی، كە لە ژێر پەردەی كاروبارە ئاساییەكانەوەن، ڕادەكێشێت.



# لە خزمەتی نهێنییەکانی قورئانی پیرۆزدا



م. محەمەد عەلی قەرەداغی
ئەندامی کاری ئەکادیمیای کوردی

پێغەمەر ﷺ لە فەرمایشتێکدا، کە پێشەوا عەلی رضي الله عنه دەیگێڕێتەوە لە بارەی قورئانەوە، ئەفەرموێ: "... لا تنقضي عجائبه..."[1] (نهێنییە سەرسوڕهێنەرەکانی قورئان نابڕێنەوە). دەیان و سەدان ساڵە زانایان بەشوێن نهێنییەکانی قورئانەوەن و هەر ماوە نا ماوەیەك باس و بابەتێکی نوێ لە قورئانی پیرۆزدا دەدۆزنەوە، کە پێشتر پەیی پێ نەبراوە و بیری کەس بۆی نەچووە. تا کار گەییوەتە ئەوە (الإعجاز القرآني) لەناو (الإعجاز العلمي)دا بووە بە قوتابخانەیەك لە چەندین وڵاتی جیهاندا، بە زمانگەلی جیا جیا کەسانی پسپۆڕ و هەڵکەوتووی ئەو وڵاتانە کاری تێدا دەکەن و، جار لە دوای جاریش شتی نوێتر دەدۆزنەوە. دوا شت لەم بارەوە -من بزانم- بابەتێکی نوێیە لەسەر وشە و موفرەداتی قورئانی پیرۆز، کە کورتە و پوختەکەی ئەوەیە: لە هەر سوورەتێك لە سوورەتەکانی قورئاندا، لە یەکەم سوورەتەوە تا دوا سوورەت -لە (البقرة)وە تا (قل أعوذ برب الناس)- کەم تا زۆر وشەگەلێك کە بۆ یەکەم جار و دوا جاریش لەو سوورەتەدا بەکار هاتوون و پێش ئەوە و دوای ئەوەش لە هیچ سوورەتێکی دیدا بەکار نەهاتوون. ئەمەش زیاد لەهەموو لایەنەکان دەوڵەمەندیی قورئانی پیرۆز لەبواری وشە و موفرەداتدا دەردەخات.

بەندەش بەهۆی ئەوەوە چەند ساڵێکە لەناو دەستخەتی مامۆستایانی کورددا دەژیم و گەڵێکیانم ئەمدیوەودیو کردووە، بەشێکی باشیم بۆ دەستخەتەکانی قورئانی پیرۆز داناوە و، زۆر دەستخەتی قورئانی پیرۆزم دیوە و بەخزمەت چەندین قورئانی دەستخەت گەیشتووم و، بەشێك لەو دەستخەتانە لەڕووی هونەرییەوە مایەی سەرسامیم بوون. وام بەباش زانی چەند خاڵێکی کورت و پوخت بخەمە ڕوو:

* لەچەند بۆنەدا ئەوەم وتووە و دووپاتم کردووەتەوە: خۆزگە کەناڵێکی ئاسمانیی جیهانیی هەبوایە تایبەتی دەستخەتی قورئانی پیرۆز بوایە و هەر جارە و بە وردەکاریی و لێکۆڵینەوەوە قورئانێکی دەستخەتی بخستایەتە بەر دیدی خوێنەران و لایەنە هونەرییەکانی بۆ ڕوون بکردایەنەوە. کە وادەزانم، بەمەش گەلێ نهێنی قورئانی پیرۆز لە ڕووی هونەرییەوە دەدۆزرایەوە، چونکە ئەمە بابەتێکە لەبن نایەت و تەواو نابێت و، هەر مەگەر خودا بزانێت چەند قورئانی دەستخەت لە کتێبخانەکانی جیهاندا -بە وڵاتانی ئیسلامی و بیانیەوە- هەیە.

تەنیا لە کتێبخانەی مەلیك عەبدولعەزیزدا لە شاری مەدینەی پیرۆز زیاد لە (1500) هەزار و پێنج سەد نوسخەی دەستخەتی جۆراوجۆری قورئانی پیرۆز هەیە. جا ئەگەر سەرژمێرییەك بۆ هەموو قورئانە دەستخەتەکانی جیهان بکرێت دەبێت ژمارەیان بگاتە چەند؟

* کوردستانەکەی خۆمان، سەرەڕای ئەو هەموو کارەسات و کردە ڕەهاتە بە سەریدا هاتووە، هێشتا گەنجینەیەکی شاراوە و نەدۆزراوەی لە قورئانی دەستخەت تێدایە، کە ڕەنگە لە کەم شوێندا بەو جۆرە هەبێت.

لەم بارەوە ئەوەندەم بەسەرهات و تێداچوونی دەستخەتی قورئانی نایاب و بێ وێنە و کەم وێنە بیستووە، هەر

گوێگرتن لە باسەکانیان مایەی سەرسامییە. مامۆستایەك بۆی گێرامەوە، پێش کارەساتی ئەنفال، لە مزگەوتێکدا بە خزمەت قورئانێکی دەستخەت گەیشتووە، شێوەی نوسینەوەکەی وا گونجێنراوە ناوی خودا (الله) کەوتووەتە هەر چوارگۆشەی لاپەڕەکانەوە!

لێرەوە پێت سەیر نەبێت کە گەلێ هونەری نووسینەوەی قورئانی پیرۆز لە کوردستاندا، سا داهێنانی خۆیان بێت یان لە شوێنانی دیەوە هێنابێتیان، هەبووە و زۆریان تێداچوون و هەشیانە چاوەڕوانی دۆزینەوەن.

هەر لەم ڕووەشەوە دەڵێم: کە ئەو قورئانە دەستخەتەی شێوەی ئیعجاز لە نووسینەوەکەیدا هاتووەتە دی و -دواتر بە کورتی باسی دەکەم و وێنەشی پیشان دەدەم و ئێستە لە دەستخەتخانەی بەغدادا لەنگەری گرتووە و تاکە وێنەی ئەو دەستخەتەیە لەو کتێبخانە گەورەدا- لە کوردستان و لە سلێمانیدا بووە[2].

**شێوەی ئیعجازی ئەم قورئانە لە نوسینەوەکەیدا ئاوایە:**

دەستخەتەکە هەموو لاپەڕەیەکی (15) دێڕی تێدایە.

تەماشای پیتی یەکەمی دێڕی یەکەمی هەر لاپەڕەیەك بکەیت، بۆ نموونە ئەگەر پیتەکە (ب) بێت، تەماشای دوا دێڕی هەمان لاپەڕە بکەیت دەبینی ئەویش بە (ب) دەست پێ دەکات. دوای ئەوە بچۆرە لای دێڕی دووەم و تەماشای یەکەم پیتی بکە ئەویش هەر پیتێك بێت، بۆنموونە (أ) بێت، دەچیتە خوارەوە دەبینی دێڕی پێش کۆتایی بە هەمان پیت دەست پێ دەکات. دوای ئەوە تەماشای سەرەتای دێڕی سێیەم بکە ئەویش هەر پیتێك بێت دێڕی سێیەم لەکۆتایی لاپەڕەکەوە لەخوارەوە بۆ سەرەوە هەمان پیت دەبێت.. بەو جۆرە تا پیتی شەشەم لە دێڕی شەشەم لەهەردوو لاوە. دوای ئەوە دەچیتە سەر دێڕی ناوەڕاست، کە دێڕی حەوتەمە و دێڕ نابێت بەرانبەری بکات، لەتەك سەرەتای دێڕی حەوتەمی لاپەڕەی بەرانبەریدا بەرانبەر دەکرێت، پیتی یەکەمی دێڕی حەوتەمی لاپەڕەی ئەوبەریشی هەمان پیت دەبێت.. بەم شێوە، تا کۆتایی قورئان، ئەم هونەرە ئیعجازییە لە نووسینەوەی ئەو قورئانەدا بەرجەستە بووە[3]. ئەم هونەرە تەنیا لە شێوەی (15) دێڕیشدا نییە، لە شێوەی (11)شدا هەیە و، وێنەی دوو پەڕەی پاشماوەی قورئانێکم لایە کە کاتی خۆی بەو شێوەیە نووسراوەتەوە[4].

* ساڵی 1976ی سەدەی پێشوو، لە زیندانی (ئەمنی عام)ی بەغدا بووم، بە هاوڕێی پیاوێکی عەرەب پێیان دەوت (ئەبو مەروان) خۆی ناوی (نیقوڵا یوسف) بوو، ئەم پیاوە لوبنانی بوو لە سەرکردە یان کادرە پێشکەوتووەکانی حیزبی بەعس بوو، یەکێك لە زیرەك و بلیمەتەکانی جیهان بە تایبەتی لە ئەدەبی عەرەبی و ئینگلیزی و هونەری شەطرەنجدا بوو. ئەم پیاوە بە خەیاڵی خۆی ڕووی کردبووە عێراق بۆ ئەوەی ئەمیش وەك (شبل العیثمي) و (بدر الدین مدثر) و (میشیل عفلق) و بەعسیەکانی دی، بەش و پارەی خۆی لە کار و پوول و پارەی عێراق بگاتێ، بەڵام دیار بوو هاوڕێیانی باش ناسیبوویان و لەوە ترسابوون کە ئەگەر ئەم پیاوە بگاتە بەغدا بە بلیمەتیی خۆی بەرە لە ژێرپێی زۆریان دەردێنێ، بۆیە پلانیان بۆ داڕشتبوو لە فڕۆکەخانەی بەغداوە وا پێشوازیی کرابوو کە لە هۆڵی (کەشتی نووح)[5] لە ئەمنی عام دابنرێت! لەتەك ئەم پیاوەدا زۆر دادەنیشتم و قسە و باسمان دەبوو. دەیگوت: ئەو موسوڵمان بووە، هەمیشە قورئانێکی بچکۆلەی لە گیرفاندا بوو. ئەوەی لەم باسە مەبەستمە ئەوە بوو ئەم پیاوە ئەیووت: لە پیتە بچڕبچڕ و سەرەتاییەکانی قورئانی پیرۆز وەك: (ن)، (ق)، (الم)، (کهیعص)... جەدوەلێکم دەرهێناوە بۆ دۆزینەوەی وشەکانی قورئانی پیرۆز. کە ئەو جەدوەلە بەئەندازەی لەپی دەستێك دەبێت و هەر وشەیەکت لە قورئانی پیرۆز بوێت دەتوانی لە کورترین کاتدا -بێ گەڕانەوە بۆ فەرهەنگ و فیهرەست- بەو جەدوەلە بیدۆزیتەوە.

گەلێکم هەوڵ لە تەکیدا دا ئەو جەدوەلەم فێر بکات، سوودی نەبوو، دواجار وتی: یان خۆم بڵاوی دەکەمەوە، یان لەتەك خۆمدا دیبەمە ژێر گڵ! ئەو پیاوە ئەو ماوە کە بەیەکەوە بووین، هەر بەو قاتەوە بوو کە پێش هێنانی بۆ ئەو شوێنە لەبەریدا بوو. هیچ لا لێکردنەوەیەکی نەبوو. بەتەواویی لە دەستبەسەریدا لەبیر کرابوو. دواتر من گوێزرامەوە بۆ زیندانی (فضیلیة)، کاتێ خوداحافیزیم لێ کرد، وتی: ﴿ٱذۡكُرۡنِي عِندَ رَبِّكَ﴾[6]. دواتر بیستم لەو زستانە ساردەدا گواستبوویانەوە -وەك خۆیان دەیانگوت- بۆ (شمال)، دیاربوو بۆ مردن، چونکە ئەو پیاوێکی تەمەن سەروو حەفتا ساڵ بوو، لەو داماوی و بێ خزمەتییەدا دەبێ چارەنووسی چی بێت؟ ئیتر هیچم لە بارەیەوە نەبیست.

منیش دوو سێ مانگ دوای ئەوە لە زیندان ڕزگارم بوو، بەڵام نە کەسم بینی کە هیچی پێ بکرێت و نە وێراشم ناوی ببەم و باسی بکەم. لەوە ئەکات پرۆژەکەی لە گەڵ خۆی بردبێتە ژێر گڵ، کە دەکرا داهێنان و (براءة الاختراع) بۆ ئەو بوایە. هیوادارم کەسانی دی بە شوێن ئەم مەبەستەدا بڕۆن و ئەو نهێنییە نەزانراوە بدۆزنەوە و بیخەنە سەر نهێنییەکانی دی.

* هەر لەبارەی قورئانی پیرۆزەوە دەڵێم: ماوەیەکی زۆرە لەسەرخۆ خەریکی گەلالەی کارێکم بۆ قورئانی پیرۆز و بە کۆششی خۆم و کۆمەکی برایان و دڵسۆزان کەرەستەی کارەکەم، کە بریتییە لە قورئانی دەستخەتی کوردستان، لە ئامادەبووندایە و نزیکەی سەد قورئانی دەستخەتی جۆراوجۆرم بە وێنە و سیدی ئامادە کردووە و، کارەکەم بە زمانی عەرەبی دەبێ، بە ناونیشانی

(حب الكرد للقرآن الكريم)، هەرکەس هەر یارمەتییەکم بدات دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە.

**پەراوێزەکان:**

(1) ئەمە بەشێکە لە حەدیسێکی درێژ، کە تیرمذی گێڕاویەتییەوە.

(2) لەبارەی ئەم قورئانەوە گەلێ شتم بیستووە و خۆیشم زۆری لەبارەوە دەزانم، نووسینی هەندێکیان بۆ مێژوو بێ سوود نابێت.

ئەم قورئانە دەستخەتە لەلای بنەماڵەیەك بوو لە سلێمانی و لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە ڕێگەی ئەو بنەماڵەیەوە گەیێنرایە (المتحف العراقي) و ئێستە بە ژمارە (5655) لە کتێبخانەی (دار المخطوطات العراقية)دا پارێزراوە.

حاجی شێخ محەمەدی شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزانی زۆر بەم قورئانە سەرسام بوو حەزی دەکرد وەك خۆی چاپ بکرێت. ئاگادار بووم وێنەی هەمووی بە (سلاید) گرت.

دوای ئەوە کە صەدام کوەیتی گرت و مەترسی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق هاتە ئاراوە، دەستخەتەکانی (دار صدام للمخطوطات)ی ئەوسا و (دار المخطوطات العراقية)ی ئێستا بە بڕیارێك گوازرانەوە بۆ کەرکوك. کە جەنگی کوەیت دوایی هات و ئاگری شەڕ دامرکایەوە دەستخەتەکان برانەوە بۆ بەغدا.

دوای گەڕانەوەی دەستخەتەکان، شێخی کەسنەزانی چووەوە بەسەردەمی قورئانەکەوە، کە هەواڵی پرسی بوو قورئانەکە دیار نەبوو، دیار بوو بزر کرابوو، شێخ بۆ ئەو مەبەستە چوو بۆ لای وەزیری ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە و باسەکەی تێگەیاند، ئەویش ناردی بەشوێن بەرپرسی ئەو سەردەمەی (دار صدام للمحفوظات)دا و پێی وت: ئەگەر لەماوەی (24) کاتژمێردا قورئانەکە نەدۆزیتەوە هەڵتدەواسم. بەڵێ پێش ئەوەی (24) کاتژمێر تەواو ببێت قورئانەکەیان هێنایەوە.. وتبوویان لەناو شڕەوپڕە (نفايات)دا دۆزیومانەتەوە! لەتەك ئەوەشدا پەڕەی کۆتایی، کە ناوی نووسەرەوە و مێژووی نووسینەوە و هەویەی کوردایەتی قورئانەکەی پێوە بوو، لەناو برابوو!

(3) وێنەیەکی ئەم شێوە ئیعجازە لە (قطر) چاپ بووە، بەڵام نەمدی لێکدانەوەی ئەم ئیعجاز و وردەکارییەی بۆ کرابێت.

(4) بوونی ئەم دوو پەڕە لە کوردستاندا بەو شێوە، نیشانەی لەدەستدا بوون و لەناوداوبوونی هەردوو شێوە ئیعجازیەکەی ئەو نووسینەوەی قورئانە بووە لە کوردستاندا.

(5) ئەمە هۆڵێکی گەورە بوو لە دەزگای ئەمنی عام لە بەغدا، جێگەی (200) کەس زیاتری تێدا دەبووەوە، لە هەموو جۆرێك –لە سیاسیەوە تا دز و جەردە و...- تێ ئاخنرابوو، بۆیە ئەو ناوەیان لێ نابوو.

(6) مەبەستی بەسەرهاتەکەی پێغەمبەر یوسف (سەلامی خوای لەسەر) بوو، کە بەو هاوەڵە زیندانییەی گومانی بوو ڕزگاری دەبێت گوت: لای گەورەکەت باسی من بکە کە من چۆن پیاوێکم و چۆن خەو پرژین و لێکدانەوەی خەو دەزانم.



قورئانی مەلا ئیبراهیمی موورەوی



پاشماوەی نوسخەیەکی یانزە دێری خاوەن نەزانراو



قورئانی چاپی قەتەر



# ئیعجازی زانستی لە نەخشەسازی ستراتیژیی و ئامادەکردنی بوودجەکان

ن: د. خلف عبد الله الوردات   و: نور حاجی توفیق- سوید

فیقهی ئیسلامی پێناسەی نەخشەسازی بودجەی کردووە و بەهەندکردنی پێویستیەکان و دەسکەوتووی پێویست بۆ داپۆشینی گشت لایەنەکان، هەروەکو لە سورەتی (یوسف)دا بۆمان دەگێڕێتەوە: ﴿إِنِّيٓ أَرَىٰ سَبۡعَ بَقَرَٰتٖ سِمَانٖ يَأۡكُلُهُنَّ سَبۡعٌ عِجَافٞ وَسَبۡعَ سُنۢبُلَٰتٍ خُضۡرٖ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٖ ﴿٤٣﴾﴾ یوسف.

ئەوەبوو کە یوسف نەخشەسازی بودجەی بۆ شای میسر چەسپاند کە گشت بناغە زانستی و کرداریەکانی تێدابوو لە هاوسەنگکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ (دەسکەوتووەکان) و خەرجکراوەکانی بەکاربراو بۆ بەرەوڕووبوونەوەی مەترسی ئەو برسێتیە چاوەڕوانکراوە، لەبەرئەوە پێی ووتن حەوت ساڵ گوڵەگەنم بە سەوزی دەچێنن، ئەوەی کە چنیتانەوە لە گوڵەکەیدا بیهێڵنەوە، کە ئەوە جوانترین شێوەی نەخشەسازی ستراتیژیە کە دەتوانێت دەسکەوتووەکان بپارێزێت (کشتوکاڵی بەرهەمهاتوو) دوورلە کارتێکەرە دەرەکیەکان و، پاشان بەکار بهێنرێتەوە لە ساڵەکانی وشکەساڵیدا، بۆ تێپەڕبوون لە نەبوونی و برسێتی.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخەی هەبوو، یوسف عليه السلام یاسایەکی دامەزراند، کە 15 ساڵ بەردەوام بوو لە جێبەجێکردنیدا، کە لە وتەی پەروەردگاردا دەیبینین: ﴿قَالَ تَزۡرَعُونَ سَبۡعَ سِنِينَ دَأَبٗا فَمَا حَصَدتُّمۡ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تَأۡكُلُونَ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ سَبۡعٞ شِدَادٞ يَأۡكُلۡنَ مَا قَدَّمۡتُمۡ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تُحۡصِنُونَ ﴿٤٨﴾ ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ عَامٞ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعۡصِرُونَ ﴿٤٩﴾﴾ یوسف. لەم ئایەتە پیرۆزانەدا پڕۆژەیەك بەدی دەکەین لە سێ قۆناغدا:

قۆناغی یەکەم: حەوت ساڵ بەردەوام دەبێت، کە سەردارمان یوسف عليه السلام بارودۆخەکەی دیاری کرد: پیلانی بەرهەم هێنان: (دەچێنن) واتە چاندن... زەمەنی بەرهەمهێنان: (حەوت ساڵ)... ئاستی بەرهەمهێنان: ﴿دَأَبٗا﴾... بەردەوامی کارکردنی بێ وچان... زۆرکردنی هەڵگیراو و گەنجینەکان: ﴿فَمَا حَصَدتُّمۡ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ﴾... دیاریکردنی بەکارهێنان: ﴿إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تَأۡكُلُونَ﴾...

قۆناغی دووەم: کە حەوت ساڵ دەخایەنێت و دۆخەکەی وەکو خوارەوە دیاریکرابوو: دیاریکردن و ڕێکخستنی بەکارهێنان: ﴿ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ سَبۡعٞ شِدَادٞ﴾... ئامادەکردن بۆ دیسان ئاوەدانکردنەوە: ﴿إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تُحۡصِنُونَ﴾. واتە ئەوە ئەو تۆوانەیە کە پێویستە بیپارێزن.

قۆناغی سێیەم: ﴿ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ عَامٞ﴾، واتە تۆوەکەی هەڵگیرابوو دەیچێنن کە لەناو سونبولەکەیدا بوو بۆ ماوەی حەوت ساڵ، ئینجا کاتێك ڕووەکەکە بەرزبووەوە و ڕووی خاکەکەی داپۆشی و ناووکەکە پێگەییشت ئەوسا کۆیکەنەوە و پاڵفتەی بکەن و چەوری و میوەکانی دەسبخەن.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سەردارمان یوسف عليه السلام مەبەستی گشت کۆمەڵگەکە بووە ﴿تَزۡرَعُونَ﴾ و ویستە داناییەکەی بە ئاراستەی دۆزینەوەی سیفاتێك بووە لەو کۆمەڵگەیەدا کە بتوانێت ئامانجی نەخشێنراوی بە دەست بخات و بنەبڕکردنی هەر بەربەستێك لە ڕێڕەوی گەشەپێداندا بێت...

لەوانەش:

1- زیادکردنی کاتژمێرەکانی کارکردن و زیادکردنی بەگەڕخستنی وزەی بەرهەمهێنی میلەتەکەی لە قۆناغی یەکەمدا بە هەموویان، کە ئەوەش لە وتەکەی پەروەردگار بۆمان دەردەکەوێت ﴿قَالَ تَزۡرَعُونَ سَبۡعَ سِنِينَ دَأَبٗا﴾... لە زمانەوانیدا (دأب) واتە خوو و بەردەوامی، کە ئەوەش پێویستی بە بەرەنگاربوونەوەی بێکاری بە گشت شێوازەکانیەوە لەگەڵ بێکاری ڕووداپۆشراو کە کۆمەڵگە لە وێنەی ڕاستەقینەی خۆیدا دەرناخات و ڕووواڵەتەکەی میهرەبانییە و ناخەکەی ئەشکەنجەیە.

2- گەشەپێدانی هەستی گەنجینەکردن، هەروەکو پەروەردگار بۆمان ڕووندەکاتەوە: ﴿فَمَا حَصَدتُّمۡ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تَأۡكُلُونَ﴾. ئەمەش پێویستی بە بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی بەکاربردن بوو کە لە نێو میسریەکاندا بەربڵاوبوو لە سەردەمی پێغەمبەر یوسفدا عليه السلام کە هەندێك لە سەرچاوەکان باسیان کردووە و، دۆزینەوەی ئەو سیفاتە باشانە و بەرەنگاربوونەوەی سیفاتە خراپەکان ئەوە بەئەنجام دەگەیەنێت کە یوسف دەیویست لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و هاوسەنگیکردن لە نێوان پێداویستیەکانی بەرهەمهێنان و ئامارکردن و بەکارهێنان.

تەواوکاری ئەو هاوسەنگیەم ئەنجام گەیاند کە پێغەمبەر یوسف عليه السلام دایمەزراندبوو کە لە ڕێساکانی بنەمای نەخشەسازی ستراتیژیە. ڕۆشنکردنەوەی ئەوەش مەفهومی نەخشەسازی ستراتیژی لەسەر بیرۆکەی هاوسەنگی و هاوسەنگبوون دادەمەزرێت، کە سەردارمان یوسف عليه السلام هەستاوە بە هاوسەنگیکردن لە نێوان بەرهەمی کشتوکاڵی و بەکارهێنان، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخەی هەبوو، ئەوەش بۆ ڕزگاربوون لە وشکەساڵی و برسێتی.

**سەرچاوە:** بابەتی (الاعجاز العلمي في التخطيط الاستراتيجي واعداد الموازنات).

# ئامێری تەکنەلۆژیای سەردەم و قورئان



پ. ی. سەلام ناوخۆش بەکر
بەشی ئینگلیزی/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

سەردەم بە مەعریفە و تەکنەلۆژیاوە ناچارە بەشێك لە نهێنیەکانی قورئان بسەلمێنێت. قورئان پازدە سەدە بەر لە ئێستا قسەی لەسەر هەندێ شت کردووە، لەوانە خودی (مرۆڤ) و (بوونەوەر)، کە ئەوسا هیچ ئامێرێکی تەکنەلۆژی بوونی نەبوو.

ئەو ئامێرانە، ئامێری تەکنۆلۆژی قەبارە بچووکن، بەڵام هەڵگری زانیاری دیجیتالی مەزنن. ئەو ئامێرانە کاری شرۆڤەکاری دەقی قورئان ئاسان دەکەن.

ئەم خوێندنەوەیە، جگە لە فاکتەری بەهێزی ئیمان بە تەواوی داتا ئیلاهییەکانی قورئان، بە ئامێری تەکنەلۆژی مەعریفیش پشت ئەستوورە بۆ خستنەڕووی داتا زانستیەکانی قورئان.

لە پرسی تەکنەلۆژیادا داتا و داگردنی داتا شوێنێکی گرنگ دەگرن، هەر شرۆڤەیەك (شیکاریەك) دوور لە ئەوان شتێکی بێ بنەما دەردەچی، بۆیە دەکرێ ئەم تەکنەلۆژیایە بە تەکنەلۆژیایەکی دیجیتالی دابنێین.

### موعجیزە ماددیەکان و قۆناغ:

لە دەسپێکدا گرینگە ئاماژە بە زاراوەی (موعجیزە) بکەین. فەرهەنگی (المعجم الوسیط) سێ جۆری موعجیزە دەخاتە ڕوو:

یەکەم: موعجیزەی پێغەمبەران.
دووەم: موعجیزەی سۆفیەکان.
سێیەم: موعجیزەی تەکنەلۆژی.

ئەو سێ موعجیزەیە، چەمکی موعجیزە بە "مێتا عادەت، نا مائلوفی، سەرەوەی سەردەم" دەبینێ. ئەگەر لە فەرهەنگی پێشوو تەنها بە ئاماژە قسەی لەسەر موعجیزەی تەکنەلۆژی کردبێت، ئەوا فەرهەنگی (معجم اللغة العربية المعاصرة) تەواو باسی موعجیزەی بەزاندنی فەزای ئاسمانیش دەکات.

### موعجیزەی تەکنۆلۆژی:

موعجیزەی تەکنەلۆژی، جیا لە دوو موعجیزەکەی تر، موعجیزەیەکی دوو سەرەیە. هەڵگری هەردوو لای باش و خراپە. (ئەهارۆن هێرش) لە وتارێکدا بە ناوی
"The Impact of Technology on the Religious Personality"
"کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر کەسایەتی ئایینی" دوو قسەی (ئەدرزێز) دەگوازێتەوە:

“I believe the world needs a conscience more than a new generation of computers… no computer can replace ordinary human sensitivity…
“No computer monitor can display either a persons principles or moral choices-

"من باوەڕم وایە جیهان پێویستی بە ویژدان هەیە لەوەی پێویستی بە نەوەیەکی نوێی کۆمپیوتەر بێ... هیچ کۆمپیوتەرێك شوێنی هەستی مرۆی ئاسایی ناگرێتەوە، چ مۆنیتەرێك دەتوانێ پرانسیپەکانی مرۆڤ یا هەڵبژاردە ئاکاریەکان نیشان بدات؟"

لێرەوە دەمەوێ بڵێم: موعجیزەی تەکنۆلۆژی دوو سەرەیە. لایەنە نەرێنیەکەی ئامێری تەکنەلۆژی مرۆڤ نەبێتە ئامێری ئامێرەکانی. لەم بارەیەوە (هێنری دەیڤید سۆرۆ) دەڵێت: مرۆڤ بۆتە ئامێری ئامێرەکانی
Men have become the tools of their tools

لەو هەمووەش ترسناکتر پرۆفیسۆر تۆماس نیگل، لە کتێبی (عەقڵ و گەردوون)دا ئاماژە بەوە دەکات کە

ماتریالیست و داروینییە نوێیەکان پرسی زانستیان تەواو بە سیاسی کردووە. ئەم دیاردەیە لە کوردستان زۆر بە زەقی دیارە هەتاکو ئەمڕۆ. وەرگێرانی کتێبی ستیڤن هۆوکینگ لە کتێبی (دیزاینی مەزن) بانگەشەی ئەوە دەکەن کە فیزیای کوانتەم سنووری ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفە دەبەزێنێت، بەڵام ئەنتۆنی فلو (گەورەی مولحیدەکان لە ئەوروپا بۆ پەنجا ساڵ) لە کتێبی (خوایەك هەیە) تەواو بە پێچەوانەی هۆوکینگ و وەرگێرە کوردەکان دەڵێت: "فیزیای چەندیی (کوانتەم) بەرەو خودامان دەبات".

پاش ئەو هەموو کێماسیە، ئامێری تەکنەلۆژی زۆر ئاسانکاری بۆ مرۆڤ ئەنجامداوە، سەبارەت بە نهێنیەکانی تێکستی قورئانیش زۆر هاریکار بووە.

بە کورتی بە دیتنی توێژەر موعجیزەکان کوڕی سەردەمی خۆیانن، هەر لەم ڕووەوە خودا موعجیزە ماددیەکانی بەستۆتەوە بە (سەردەم)، نەك هەتا هەتایی! ئەمڕۆ لە سەردەمی هەژموونداری تەکنەلۆژیا، نەك هەر موعجیزە ماددی و قۆناغبەندییەکان، بەڵکو بەشێك لە موعجیزە نەبینراوەکانیش بوونەتە واقعی کۆنکرێتیی. بەشی یەکەمی قسەکانم پشتئەستورن بە دیتنی مەلا سەعیدی کوردی، ناسراو بە شێخ سەعیدی نورسی، وەك لە کتێبی (الكلمات، الكلمة العشرون، المقام الثاني) دەفەرموێت: "تسخير الريح لسليمان أي إنه قطع في الهواء ما يقطع في شهرين في يوم واحد.. أما بالنسبة لموسى إنه يمكن الإسفادة من خزائن الرحمة المدفونة تحت الأرض بآلات بسيطة". نورسی لەم کتێبەدا باسی زۆربەی موعجیزە ماددیەکانی داود و عیسا و یونس و...دەکات. هێنانی عەرشی بەڵقیس لە (سەباوە- یەمەن) بۆ (شام- فەلەستین) شتێکی ئاساییە، چونکە گواستنەوەی (دەنگ) و (ڕەنگ-وێنە) لە شوێنی دوور و کیشوەربڕ لە کارە ئاساییەکانی تەکنەلۆژیای سەردەمە (ئەمە هەمووی لەم کتێبەی نورسی باسکراوە). بەشەکەی تری گریمانەکەم پشت ئەستورن بە ئەدگار و داتاکانی ئامێری تەکنەلۆژی.

## موعجیزە نەبینراوەکان و ئامێرە تەکنەلۆژیەکان:

نزیکە سەدەیەك مارکسیەت هەژموونی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەشێك لە ئەوروپا هەبوو. ئەو فەلسەفەیە لەسەر ماددیەت دامەزرا بوو، باوەڕی بە میتافیزیکی و غەیبیەت نەبوو، بە جۆرێك قسەیەکی هەبوو دەیوت: "ئەوەی بنەمایەکی ماددی نەبێ و بە چاو نەبینرێت، بوونی نییە!". بەوەش ئایینە ئاسمانییەکانی ڕەتدەکردەوە.

ڕوخانی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵات ئەو فەلسەفەیەی لە گۆڕ نزیك کردەوە. لە سەدەی بیست و یەکەم سێکوچکەی (فلو + دۆکینز+ هۆکینز) ئەو شەپۆلە ئیلحادیەی لە ئەوروپا بە فۆرمی "زانست"ی، نەك "ئایدیۆلۆژی" زیندووکردەوە. بۆ نموونە ریچارد دۆکینز، 2006، لە کتێبی (وەهمی خوا) دەڵێت: "باوەڕبوون بە بوونی خوداوەندێك پرسێکی کەسییە، جگە لە وەهمێك شتێکی تر نییە". هەر لە (ل7)ی کتێبەکە دەڵێت: " پرسی ئیلحاد شتێك نییە شەرمی لێ بکەی، بەڵکو شتێکە شانازی پێ بکەی...". ئایا وشەی "شەرم، شانازی، وەهم" نەبینراو نیین؟! هەر یەك لە هۆکینگ و لیناردۆ، لە کتێبێکیان بە ناوی (دیزاینی مەزن) بڵاوکردەوە، وەك (نیتچە) لە بریتی "مەرگی خودا" بانگەشەی پێویست نەبوونی خودایان کرد: "کەس ناتوانێ بوونی خودا نەسەلمێنێ، بەڵام زانست دەتوانێ وابکات خودا پێویست نەبێ.

"One can't prove that God doesn't exist, but science makes God unnecessary"

ئامێرە تەکنەلۆژیایەك تەواو بە پێچەوانەی دۆکینگ و هۆکینگ و لیۆناردۆن، بەوەی تەکنەلۆژیا شتە نادیارەکان دیاردەکات و، پێویستبوونی خودا بە پێویست دەزانێت. ئیلحادی کوردی زۆر دڵی بەو دوو کتێبە خۆش بوو، بۆیە زوو تەرجومەی کوردی کردن!

قورئان لە بەرایی سورەتی (البقرة) دا ئاماژە بەوە دەدات کە کەسانێك هەن زۆر ئارگیومێنتیشیان بۆبێنیتەوە هەر باوەڕ ناهێنن، سەیرکە دوای ئەوەی ئایدیۆلۆژیای چەپی مرد، فەلسەفە جێی گرتەوە، کەچی هۆکینگ و لیۆنارد لە کتێبی (دیزاینی مەزن، ل16) بانگەشەی ئەوە دەکەن بەوەی فەلسەفەش مرد، فیزیای مۆدێرن جێگەی گرتووەتەوە. ئەنتۆنی فلۆی، گەورەی مولحیدەکانی ئەوروپا بۆ ماوەی پەنجا ساڵ، تەواو بە پێچەوانەی هۆکینگ و لیۆناردۆ دەڵێت: "فیزیای چەندیی -فیزیای کوانتەم- مرۆڤ بەرەو خودا دەبات، بۆ پاڵپشتی ڕایە باوەڕداریەکەی ڕای دوو زانا دەهێنێتەوە، ئەوانیش ئیرۆین شرۆدینگەر و پۆل دیراکن، بەوەی دیزاینی مەزن ناچارت دەکا دان بە هەبوونی خودا بنێی، چونکە هەر خودا بەدیهێنەری وردە، بەرزترین ئاستی بیرکاری لە دیزاینی گەردوون و دانانی یاساکانی بەکارهێناوە (ل105-104).

فاکس ئامێرێکی تەکنەلۆژی و کۆدی نهێنیەکانی گەردوونە.

فاکس چییە؟



فاكس وەك دەرخەری بەشێك لە پەنهانیەكانی گەردوون، ئەوە دەهێنێ هەڵوەستەیەكی لەسەر بكەین.

مارگرێت ڕوس، 2006، لە پێناسەی فاكسدا دەڵێت: "فاكس (كورتكراوەی فاكسمێل)ە، هەندێ جار پێی دەوترێ (تێلیكۆپینگ) (تیلیفاكس) ئامێرێكی گواستنەوەی ئەلیكترۆنیە بۆ ماتریالی چاپكراو و سكانكراو (تێكست و وێنە) بۆ ئەو ژمارە تەلەفۆنەی بەستراوەتەوە بە ئامێری چاپ... ئامێری فاكسی وەرگیراو تەرجومەی تۆنەكانی فاكسەكە دەكات و دووبارە هەڵدەستێ بە فۆرمەلەكردنەوەی (وێنە)كە و (تێكست)ەكە چاپ دەكات". لەو گواستنەوە ئەلیكترۆنیەدا بەشەكانی فیزیای كوانتەم دەوری خۆی دەبینێ، تەنۆلكە و گەردیلە و پرۆتۆن و نیترۆن و شەپۆلە جیاوازەكانی وزە لەم پرۆسەیە بەشدارن! ئەنتۆنی فلوش، لە كتێبی (خوایەك هەیە)دا دەڵێت: "فیزیای كوانتەم هۆكارێكە بۆ باوەڕهێنان بە بوونی خودایەك". زۆرێك لە ئایەتەكانی قورئان ئاماژە بەوە دەكەن كە ئەوە بەشێك لە مولحیدەكانن نهێنیەكانی گەردوون دەدۆزنەوە، بۆ نموونە لە پرسی فاكسدا گواستنەوەیەكی ئەلیكترۆنی سەرسام هەیە، لە (كوردستان) بە دەسخەتی كوردی نووسینێك بۆ فاكسێك لە (ئەمریكا) دەنێرێت، هەمان نامە بە دەسخەتی كوردی دەگاتە ئەمریكا! ئەوە كوانتەم لە فاكس دەردەكەوێ، ئەفسانەی (نەدیتن) هەڵدەوەشێنێتەوە.

لەلایەكی تر سێ پەردەكەی دەورەی كۆرپەلە هەتا دەركەوتنی ئامێری تەكنەلۆژی (میكرۆسكۆپ) و (سۆنەر) بۆ زانست ساغ نەبووەوە... خوای گەورە لە قورئان باسی ئەو سێ جۆرە تاریكییە دەكات: ﴿يَخۡلُقُكُمۡ فِي بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ خَلۡقٗا مِّنۢ بَعۡدِ خَلۡقٖ فِي ظُلُمَٰتٖ ثَلَٰثٖ ٦﴾ الزمر.

دكتۆر (كیث موور)، لە كتێبە ناودارەكەی (پەرەسەندنی مرۆڤ - The Developing Human)دا دەڵێت: "ئەو سێ تاریكییە بە دیوار یا پەردە دادەنێت و دەڵێت:

- The abdominal wall - دیواری زگ.
- Uterine wall - دیواری ڕەحم.
- Placenta with its Koryono - Ammonia پەردەی كۆریۆ - ئەمۆنیۆ.

ئامێرە تەكنەلۆژیەكانی سەدەی بیست و یەكەم هەڵگری زۆر نهێنی ترن، وەك لە بەشی دادێ دەخەینەڕوو.

### ئامێرە تەكنەلۆژیاكانی سەردەم:

هەر لە هەشتاكانەوە گوێمان لەوە دەبوو كە (دەنگی مرۆڤ) لە گەردوون ون نابێت. ئەوسا زۆربەی ئامێرە تەكنەلۆژیەكانی ئێستا، وەك فلاش مێمۆری و گووگل درایڤ و DNA، نەبوون، بەڵام ئێستا ئەو ئامێرانە دەوری زۆر دەگێڕن لە پاراستنی داتاكان. دەنگ و ڕەنگ دوو داتای گرنگن.

بەر لە گووگل درایڤ، كۆمەڵە ئامێرێك هەبوون كە كاریان لەسەر تێكست و وێنە دەكرد، لەوانە فلۆپی، سیدی، دیڤیدی، فلاش میمۆری... ئەو هەموو ئامێرە هێشتا خەونی مرۆڤی نەهێنابووە دی، بۆیە بیری لە داهێنانی تر كردەوە، ئەویش گووگل درایڤ بوو.

### دەزگای گووگل بەم جۆرە لە گووگل درایڤ دەدوێت:

Google Drive is a cloud hosting product from Google that allows users to store up to 15 GB of files and information for free with additional storage available for a fee. This technology was released in 2012, and includes older offerings like Google Docs, which was originally offered in 2007.

گووگل درایڤ بەرهەمێكی مێوانداریكردنی هەورییە بۆ داگرتنی (خەزنكردنی) پازدە گێگابایت لە فایل و زانیاری... ئەم تەكنەلۆژییە لە ساڵی 2012دا خرایە بازاڕەوە، ئۆفەری كۆنتر، وەك گووگل دۆكس، ئەویش كە لە ساڵی 2007دا پێشنیازكرا، لەخۆدەگرێت.

### كەواتە كاری گووگل درایڤ چییە؟

Google Drive, formerly Google Docs, is a file storage and synchronization service created by Google. It allows users to store files in the cloud, share files, and edit documents, spreadsheets, and presentations with collaborators.

"گووگل درایڤ پێشتر پێی دەگوترا (گووگل دۆكس) بریتییە لە كۆگای فایل هەڵگرتن، هەروەها بەگەڕخستنی هەمان فایل لە هەمان كاتدا. گووگل ڕێ بە بەكارهێنەرانی دەدات كە فایلەكانیان لە (هەور) دابنێن، هەروەها فایلەكان (شێر- بەشدار) بكەی، دۆكیومێنتەكان بنووسن، خشتە (جەدوەل) دابنێن. ئەو هەمووە لەگەڵ هاریكەرەكان پیشان بدەی".

گووگل درایڤ جگە لەوەی ناوەندێكی دامودەزگایی ئەلیكتۆنییە، بەڵام دۆزی پرۆفیت (قازانج) وەیكردووە گووگل درایڤ ببێتە ڕاژەیەكی كەسیی، لە كۆمپیوتەر، لاپتۆپ، مۆبایل، هەتا ئایپاد... هەبێ.

Google Drive is a personal cloud storage service from Google that lets users store and synchronize digital content across computers, laptops and mobile devices, including Android-powered tablet and smartphone devices. Support for Apple devices is provided via GDrive, the Google Drive client for iPhone and iPad devices.




### پرسی (موازین) و (DNA):

پرسی (میزان- موازین- تەرازوو) پرسێكی دنیایی و حەشر ئامێزە. لە قورئاندا جیاوازی لە نێوان میزانی دنیا و میزانەكانی قیامەت دەكرێت، هەردووك بە شێوازێكی

زمانەوانی لە یەک جیاکراونەتەوە، وشەی (المیزان) ئاماژەیە بۆ میزانی دنیا وەک ئایەتی: ﴿ وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ ﴿٧﴾ ﴾ الرحمن.

﴿ وَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَٱلۡمِيزَانَ بِٱلۡقِسۡطِ ﴿١٥٢﴾ ﴾ الأنعام.

ئەوەی لای ئێمە جێگای سرنجە فۆرمی کۆی وشەی (میزان)ە، وشەی (موازین)، کە لە ئایەتی تایبەت بە قیامەت هاتوون، واتای (لە دوو تەرازوو زیاتر) دەگەیەنن: ﴿ فَمَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿٨﴾ ﴾ الأعراف.

وشەی (موازین) ئاماژە بە زیاتر لە دوو میزان دەگەیەنێت. واتە هەبوونی ئەو هەموو میزانە بۆ کێشانی کاری مەعنەوی و ماددی لە سەردەمی تەکنەلۆژیای سەردەم زۆر ئاسان دەکات. زاتی خوا لە خۆڕا بە خۆی ناڵێت (القدیر)، چونکە ئەو مرۆڤەی دروستی کردووە، دەزانێت شایانی چەندە. مرۆڤ کائینێکی دامودەزگاییە.

دەزگای باکبلێز 2015، لە توێژینەوەیەک بە ناوی "تەکنەلۆژیەکانی داتا (زانیاری) خەزنکردن لەئایندەدا.

Data Storage Technologies of the Future

باس لە سێ تەکنەلۆژیای خەزنکردن دەکات بەناوەکانی "هێلیوم درایڤ، سمر: تۆمارکردنی موگناتیسی داپۆشراو و DNA، کە ئەو سێیە دەتوانن زۆربەی داتاکانی جیهان خەزن بکەن. ئێمە لەم سێیە تەنیا قسە لەسەر (DNA) دەکەین کە زیاتر پەیوەستە بە بابەتەکەی ئێمەوە. دەزگایەکە دەربارەی (DNA: دی ئێن ئەی) دەڵێت:

" Perhaps the strangest new storage technology of the future is DNA. Yes, the molecule that stores biological information could be used to store other kinds of data"

(لەوانەیە DNA سەیرترین تەکنەلۆژیای خەزنکردنی ئایندەبێت. بەڵێ، مۆلیکیولێک -گەردیلەیەک- کە زانیاریە بایۆلۆژیەک خەزن دەکات، دەتوانرێ بەکاربێت بۆ خەزن کردنی جۆرە زانیاری تر).



گەر DNA بە تەرازووەکانی قیامەت بەراورد بکەین شۆک داتدەگرێ، چونکە قەبارەی خودی DNA بە قەد "کەوچکێکی چایە"، کەچی دەتوانی چی لە بوونەوەر هەیە سێیڤی بکات! هەر دەزگای باکبلێز دەربارەی قەبارەی DNA و توانای خەزنکردنی DNA دەنووسێت: "DNA چڕیەک بۆ سێیڤکردن باوەڕنەکراو پێشکەش دەکات 2.2 پێتابایت بۆ گرامێک، بە واتای هارد درایڤی DNA، کە قەبارەی نزیکەی کەوچکێکی چایە دەتوانێ بسازێ (لە خۆ بگرێ) بۆ هەموو داتاکانی جیهان - هەر گۆرانیەک پێشتر دانرابێ، هەر کتێبێک نووسرابێ، هەر ڤیدیۆیەک پێشتر شێر کرابێ، وێڕای ئەوەش پانتایی سێیڤکردنەکان، DNA دەزگایەکی نموونەییە بۆ خەزنکردن لە مەدای دووردا-

DNA offers incredible storage density, 2.2 petabytes per gram, which means that a DNA hard drive about the size of a teaspoon could fit all of the worlds data on it–every song ever composed, book ever written, video ever shared. Besides the space savings, DNA is ideal for long-term storage"

ئەمانە هەقایەتی بەرئاگردان نین، تەکنەلۆژیای داتان، کە پرسی لێکدانەوەی ئایەتەکانی قورئان زۆر ئاسان دەکەن.

ئاندی ئێکستانس، 2016، لە وتارێکی زانستی بە ناوی
How DNA could store all the worlds data
(چۆن ئامێری DNA دەتوانی هەموو زانیاریەکانی جیهان خەزن بکات) کە لە گۆڤاری زانستی نەیچەر-سروشت بلاوکراوەتەوە، شتی سەیر بلاودەکاتەوە. لە زمانی تەکنەلۆژی خودی مرۆڤ خۆی کائینێکی دیجیتالیە و چەندین داتا لەخۆ دەگرێت. خەزنکردنی ئەو داتایانە لە ئامێرێکی بچووک تێگەیشتن لە دادگای خوا ئاسانتر دەکات.

ئاندی لەو توێژینەوەیەدا دەڵێت: "دواترین ئەزموون ئاماژە بەوە دەکات کە گرنگی بەکارهێنانی DNA وەک ناوەندێکی سێیڤکردنی داتا لە (جینۆمیکس)ی تێپەڕاندووە: جیهان هەمووی تووشی قەیرانی داتا بووە. هەموو شتەکان لە وێنەکانی فەلەکی، وتاری گۆڤارەکان لەسەر ڤیدیۆکانی یوتیوب، ئەرشیفی دیجیتاڵی گێتی بەترلیۆن گێگابایت لە ساڵی 2020 دە جار زیاتر لەوەی 2013.

The latest experiment signals that interest in using DNA as a storage medium is surging far beyond genomics: the whole world is facing a data crunch. Counting everything from astronomical images and journal articles to YouTube videos, the global digital archive will hit an estimated 44 trillion gigabytes (GB) by 2020, a tenfold increase over 2013."

لێرەدا پرسی داتاکانی تەرازووەکانی قیامەت لەبەردەم تەکنەلۆژیەکانی سەردەم، ئاسان نابێت؟ ئایا (DNA) کە بە قەد کەوچکێکی چا بێ، ئەو هەموو داتا بایۆلۆژی و دیجیتالیە لە خۆ بگرێ، ئەو تەرازووانە چۆن هەموو داتا مەعنەوی و کرداریەکان لەخۆ ناگرێت؟

**ئەنجام و شرۆڤەکردن:**

زۆربەی موعجیزە ماددیەکانی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ) لە بنەڕەتدا موعجیزەی سەردەمیی بوون. ئەو سەردەمەی مرۆڤ پەی بە هیچ شتێکی ئەودیوی خۆی نەدەبرد. لە نەزەر مرۆڤێکی وەک شێخ سەعیدی نورسی ئەو موعجیزانە نوقلانەی هاتنی موعجیزەی تەکنەلۆژی سەدەی بیست و بیست و یەکن.

تەكنەلۆژیا وەك موعجیزەی پێغەمبەرەكان نیە، تەنیا هەڵگری پەیامی ئەرێی و مرۆیی نییە، بەڵكو هەڵگری ئەرێی و نەرێیە. لەلایەك هەرەشە لە مرۆڤ دەكات بەوەی مرۆڤ دەكاتە كۆیلەی خۆی یان قڕی دەكات. لەلایەكی تر ئەو تەكنەلۆژیایە هەر ئاسانكاری بۆ مرۆڤ ناكات، بەڵكو وا دەكات زۆر بە ئاسانی لە پەنهانەكانی قورئان بگەین، وەك گەر سۆنار نەبووایە بە ئاسانی لە سێ تاریكایەكەی مندالدانی ئافرەتی سكپڕ نەدەگەیشتین. هەروەها (سیستەمی تۆماهۆك)، كە ڕۆكێتێكی بچووكە لە دوور دەهاوێژرێ بۆ ئامانجێكی دیار (كە لە شەڕی كەنداو لەسەر كەشتی دەهاوێژرا بۆ عێراق لەوێوە بۆ بەغدا) وایكردووە تەواو لە سورەتی (الفیل) و ئایەتی 83ی سورەتی (هود) بگەین، كە دەڵێت:﴿ مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَۖ وَمَا هِيَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ بِبَعِيدٖ ٨٣ ﴾ هود.

ئامێرە تەكنەلۆژییەكانی ئێستا، وەك فلاش میمۆری و گووگل درایڤ و DNA.. هەموو ئامێری خەزنكردنی داتا و وێنەن. بە دیدی ئێمە ئەو ئامێرە تەكنەلۆژیانە دەستەوەستاون بەرانبەر ئەو بەڵێنە قورئانیە كە دەڵێت: خودا پارێزەری قورئانە! توانای ئەو ئامێرانانە بۆ خەزنككردنی داتا و وێنەن، كاپاسیتی (قودرەتی) هەر یەكەیان بۆ خەزنكردن جودایە. قورئان وەك داتایەك گەر لەو ئامێرانە خەزن كرا، لە كوێ ڕەش دەبێتەوە: ئامێرێك، دووان.. لە وڵاتێك، دە وڵات، بیست وڵات؟! ئایا ئەو ئامێرانە تەواو ڕاستیی ئەو بەڵێنە قورئانییەی ئایەتی 9ی سورەتی (الحجر) ناگەیەنن: ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩ ﴾ الحجر.

بەواتای ئامێرەكانی تەكنەلۆژیای سەردەم، وەك هیلیوم درایڤ، سمر، DNA، ناچارن تەواوی ڕاستی ئەو داتایەی خوا (سێڤكردنی كەلامی خوا) بسەلمێنن.

بەشێكی تر لەو ئامێرانە تایبەتە بە موعجیزە نەبینراوەكان. ئامێرە تەكنەلۆژی و بایۆلۆژییەكان لە توانایان هەیە بە تێكست و وێنە و ڤیدیۆ، وەك داتای دیجیتالی، هەموو گەردوون لە خۆ بگرن، بە تایبەتی (DNA: دی ئێن ئەی). خودای گەورە بەخۆڕایی دەفەرموێ: ﴿ وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ٢١ ﴾ الذاریات؟ (دی ئێن ئەی لە كوێیە؟ هەر لەجەستەی مرۆڤدا نیە؟ گەر (دی ئێن ئەی) بتوانێ ئەو هەموو داتایە سێیڤ بكات، كە بە قەد كەوچكێكی چایە، چۆن تەرازووەكانی خودا جێگای داتاكانی تێدا نابێتەوە (كردەوەی مەعنەوی و ماددی).

گەر هەر یەك لە ستیڤن هۆكینگ و لیۆنارد بە تاقیككردنەوە گەیشتبن بەوەی گەردوون: دیزاینی مەزنە، دەبێ تەواو ئەو ڕاستیەش بزانن كە لە پشت ئەم دیزاینە مەزنە، دیزاینەرێكی مەزن هەیە. ناسینی ئەو دیزاینەرەش لە ڕووی تەكنەلۆژیەوە، خودی عیبادەش دەكاتە تەكنەلۆژی.

پاركەر 2014 لە وتاری -كاریگەریی تەكنەلۆژیا لەسەر ئایین.

Technologys effect on religion

لەسەر فۆڕمی عیبادەتی تەقلیدی ئەوروپا، تەكنەلۆژی كۆتایی پێدێنێ:

"Technology may represent the end of traditional religious worship, and the beginning of a new age of worship, the form of which no one can reasonably predict or control.

بەڵام بە حوكمی ئەوەی داتاكانی تەكنەلۆژی لەگەڵ داتاكانی قورئان یەكدەكەنەوە، بۆیە مۆریس بۆكایی فەرەنسی وتەنی ئەوە تەنها قورئان لەگەڵ سەردەم یەكدەگرێتەوە.

## ژێدەر و پەراوێزەكان:

*كتێبی دیزاینی مەزن لە نووسینی ستیفن هۆكینگ و لیۆناردۆ ملۆدینۆ، دوو دەزگای كوردی بۆ دوو گروپە وەرگێری كوردی بڵاویكردۆتەوە:

1. دەزگای غەزەلنووس، بۆ حوسێن حوسێنی و كامیار سابیر.
2. ئاكام بەسیم.

** كتێبەكەی ڕیچاردز داوكینز، لە ساڵی 2016 نوری كەریم، بەناوی "وەهمێك" تەرجومەی كوردی كردووە.

*** كتێبی "گەشتی عەقڵ"، عەمرو شەریف قسە لەسەر ئەنتۆنی فلو، گەورەی مولحیدەكانی ئەوروپا دەكات، فلو لە ساڵەكانی دوایی تەمەنی باوەڕی بە خودا هێنا و كتێبێكی نووسی بە ناوی "خودایەك هەیە".


## سەرچاوە ئینگلیزیەكان:

- Andy Extance, How DNA could store all the worlds data, Nature journal, Vol.537. - Church, G.M. Next-Generation Digital Information Storage in DNA.
- Hersh, Aharon. 2011. The Impact of Technology on the Religious Personality.
-Moore, Keith, et al. The Developing Human, 10 edition, electronic book. - Rouse , Margaret 2006 . What is fax? electronic essay.
- Yates , Parker . 2014. Technologys effect on religion.
- Data Storage Technologies of the Future, Backblaze.
- Henry David Thoreau, Walden, chap. 1, “Economy” (1849), 64

## سەرچاوە كوردیەكان:

- ڕیچارد داوكینز، 2016، وەهمێك، و: نوری كەریم، سلێمانی: چاپخانەی تاران.
- ستیفن هۆكینگ و لیۆنارد ملۆدینۆ، 2015، دیزاینی مەزن، و: حوسێن حوسێنی و كامیار سابیر، سلێمانی: دەزگای غەزەلنووس.
- بدیع الزمان، الكلمات.
- عەمرو شریف، 2017، گەشتی عەقڵ، و: موزەفەر قەسرێی، هەولێر: لە بڵاوكراوەكانی تەفسیر.
- مۆریس بۆكای، 1998، قورئان و زانستی نوێ، و: سەلام ناوخۆش، هەولێر: تەفسیر.

## سەرچاوە عەرەبیەكان:

- بدیع الزمان النورسي، الكلمات. كتاب إلكتروني.

هەواڵی زانستی:

# ئیسلام

# لە هەموو ئاینەکان زۆرتر بڵاودەبێتەوە، لە جیهاندا ساڵی 2060

و: پشتیوان جەمال

لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێدا ناوەندی (بیو)ی ئەمریکی بۆ لێکۆڵینەوەکان دەریخستووە کە لێکۆڵەرەوەکان پێشبینی بەرزبوونەوەی گەشەی دانیشتوان لە جیهاندا دەکەن بە رێژەیەك کە لە ساڵی 2060دا دەگاتە پتر لە رێژەی 32%، هەروەها زیادبوونی ژمارەی موسڵمانەکان بە تەنها دەگاتە رێژەی 70% و بەرزبوونەوەیەکی چاوەڕوانکراو لە ژمارەی ئەو کەسانەی دەبن بە موسڵمان.

سەرپەرشتیارانی ناوەندی (بیو) بەپێی پێشبینیەکانیان دەڵێن رێژەی بەرزبوونەوەی ئەو کەسانەی دەچنە ناو ئاینی ئیسلامەوە بێگومان زۆرتر دەبێت و پێشەنگ دەبێت لەچاو ئاینەکانی تری وەك (مەسیحی- یەهودی- تەنانەت هیندۆسەکانیش).

لەمانگی تەموزی ئەمساڵدا (کونراوهاکیت)ی لێکۆڵەر لە بواری تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان (دیموگرافی) لە ناوەندی (بیو) لە گفتوگۆیەکی ڕادیۆیی لەگەڵ دەنگی (هیراڵد ناوی) ئەمەریکی گەشەی بەردەوامی زیادبوونی ژمارەی موسڵمانانی لە ئەورووپادا گێڕایەوە بۆ سێ هۆکاری سەرەکی:

**هۆکاری یەکەم: ئاینی گەنجانە:**

بەپێی لێکۆلینەوەکەی ناوەندی (بیو) موسڵمانەکان نوێنەرایەتی بچوکترین دەستە (فئە)ی ئاینی جیهان دەکەن لە رووی تەمەنەوە، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە ساڵی 2015دا کراوە دەرکەوتووە ناوەڕاستی تەمەنی موسڵمانان دەگاتە (24) ساڵ، لە کاتێکدا ناوەڕاستی تەمەنی ئەو کەسانەی هەڵگری ئاینەکانی ترن بریتیە لە (32) ساڵ.

بەهۆی زیادبوونی ژمارەی لاوان لە ریزی موسڵمانەکان، (کونراد) پێشبینی دەکات گەشەی زۆربوونی موسڵمانەکان بە شێوەیەکی رێکخراوی دەڕوات و، لە ساڵی 2060دا ژمارەیان دەگاتە سێ ملیار کەس.

(کونراد) لە چاوپێکەوتنەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە لە ساڵی (2015)دا ژمارەی موسڵمانان گەشتووەتە (1,8) ملیار، ئەم ژمارەیەش نوێنەرایەتی رێژەی 24.1% ی ژمارەی دانیشتوان لە جیهاندا دەکەن، بە وردبوونەوە لەو ژمارەیە پێشبینی دەکرێت لە ماوەی (45) ساڵی داهاتوودا ئەو رێژەیە بەرزببێتەوە و بگاتە 81.1% لەسەر ئاستی جیهاندا.

**هۆکاری دووەم: زۆربوونی ئاستی منداڵبوون:**

لێکۆڵەر (هاکیت) لەلایەن خۆیەوە ئەوەی روون کردەوە یەکێك لەو هۆکارانەی یارمەتی دەرە لە زیابوونی ژمارەی موسڵمانان لە جیهاندا بریتیە لە سووربوونیان لەسەر منداڵبوون، بە پێچەوانەی خاوەن بیروباوەڕ و ئاینەکانی تر، سەرەڕای بەرزبوونەوەی تێکڕای پیتاندانەدن (الخصوبة) وەك ئاکامێکی سروشتی بەهۆی نزمبوونەوەی تەمەنی ناوەندی موسڵمانەکان.

هەروەها (هاکیت) وتی: موسڵمانەکان خاوەنی ژمارەیەکی زۆرترین منداڵن لەچاو خاوەن ئاینەکانی تر، دەتوانین بڵێین هەر ئافرەتێکی موسڵمان بەلایەنی کەمەوە رێژەی (3) منداڵی بەر دەکەوێت، بەرامبەر بە نزیکەی (2,2) منداڵ بۆ هەر ئافرەتێکی غەیرە موسڵمان.

سەرەڕای ئەوەش، لێکۆڵەرەوەکەی ناوەندی (بیو) جێگیربوونی موسڵمانەکانی گێڕایەوە بۆ ئەوەی ئەوان (واتە موسڵمانەکان) زۆرتر لەو ناوچانە نیشتەجێ دەبن کە توانای بەرزبوونەوەی منداڵبوون لە خۆی دەگرێت و پێوەی دەردەکەوێت، ئەمە هۆکاری یەکەم، هۆکاری دووەمیشی گێڕایەوە بۆ ئەوەی کە موسڵمانەکان دیاریکردنی منالبوونیان نیە (تحدید النسل) بۆیە لە جیهاندا هەمیشە رێژەیان لە زیادبووندایە.

(کونرال هاکیت) بەردەوام بوو لە قسەکانیدا، وتی: زیاتر لە سێ بەشی موسڵمانەکان لە کیشوەری ئەفریقی و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین، دانیشتوانەکانیشی بەوە ناسراون کە منداڵەکانیان لە تەمەنێکی جیاواز لە تەمەنی دانیشتوانی وڵاتەکانی تردا زووتر باڵغ دەبن.

(هاکیت) هۆشداری بەوەدا کە ژمارەی موسڵمانەکان زۆر بەکەمی روو لە ناوچەکانی ئەمریکای لاتینی و کاریبی دەکەن بۆ ئەوەی نیشتەجێبن تیایاندا.

**هۆکاری سێیەم: کۆنراد هاکیت دەڵێت:**

بە سروشتی کەسانێکی زۆر هەن پەنا دەبەن بۆ گۆڕینی بیروباوەڕ و ئاینەکانیان، بەڵام ئەوەی ئێمە سەرنجمان داوە تەنها موسڵمانەکانن کە بە جێگیری لەسەر ئاین و بیروباوەڕەکەیان دەمێننەوە، تەنانەت لە کاتی لە دایکبوون و مردنیشیاندا، ئەمەش هۆکارێکی ترە بۆ زۆربوونی ژمارەی موسڵمانان لە جیهاندا.

(هاکیت) کاریگەریتی گەشەکردنی زۆری موسڵمانانی لە جیهاندا گێڕایەوە بۆ نەبوونی ئەو ئامادەییە لە خاوەن ئاین و بیروباوەڕەکانی تردا بۆ منداڵبوون و دروستکردنی خێزان لە تەمەنی گەنجێتیدا.

(کونرادهاکیت) کورتەی قسەکانی بەوە کۆتایی دەهێنێت کە دەڵێت:

گەشەکردنی بێباوەڕەکان (بێئاینەکان) دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو بۆماوەییە بێئاینییەی بۆیان ماوەتەوە، نەك بەهۆی زیادبوونی ژمارەی لە دایکبوون کە سەر بەو ئاراستە و بیروباوەڕە.

هەروەها دەڵێت ئەو جۆرە کەسانە، واتە (بێباوەڕەکان) زۆر حەز بە دروستکردنی خێزان و منداڵبوون ناکەن، بەراورد بە خاوەن بیروباوەڕەکان و ئاینەجیاوازەکانی تر.

**سەرچاوە:**

سایتی ئەنادۆڵ. دەتوانن لەم لینکەوە بینەری هەواڵەکە بن.

https://goo.gl/dWz67h

# لادانی جینسی یان هاوڕەگەزبازی!؟



د. دیاری ئەحمەد قەصاب / پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی

## پێشەکی

کاتێك خودای گەورە ئادەمی لە نەبوونەوە خولقاند، هەر لەخۆی هاوژینی بۆ دروستکرد: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا ﴿١﴾﴾ النساء، تا پێکەوە ژیان بەسەربەرن و ئارامیی و دڵنیایی دڵی یەکتر بن، ﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا لِّتَسۡكُنُوٓاْ إِلَيۡهَا وَجَعَلَ بَيۡنَكُم مَّوَدَّةٗ وَرَحۡمَةًۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾﴾ الروم. هاوژین و هاوڕێی لە ڕەگەزی بەرامبەر بۆ مرۆڤ بەدیهێنا تاکو خۆشەویستی و مەوەدەت بۆ هەمیشە لە نێوانیاندا بەرپا بێت ﴿وَجَعَلَ بَيۡنَكُم مَّوَدَّةٗ وَرَحۡمَةً﴾، بێگومان ئەو خۆشەویستیەش هەریەکە لەلایەنەکانی ڕۆحیی (گۆڕینەوەی هەست و بایەخدان بەلایەنی دەروونی) و جەستەیی (لایەنی زایەندی-جنسي) دەگرێتەوە. ئەمانە نیشانەی گەورەیی و دانایی خودای بەدیهێنەرن، بەڵام کەسانێك تێیدەگەن کە ژیرییان بەکاردێنن و تێدەفکرن ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ﴾.

پەیوەندیی زایەندیی ڕاست و دروستی نێوان نێر و مێ، پێداویستییەکی بنەڕەتی ژیانە بۆ بەردەوامبوونی وەچەکان.

ئاشکرایە سیستمی هۆرمۆنیی بەشێکی گرنگی لەشی مرۆڤە، کە زۆر کاری گرنگ و زیندەکیان هەیە، لەوانە: ڕێکخستنی کاری ئەندامەکان و حەزەکان و پەیوەندیی زایەندی. هۆرمۆنی تایبەتی زایەندی لە پیاودا هۆرمۆنی تێستۆستیرۆنە کە لە گونەکانەوە دەردەدرێت، لە ئافرەتیشدا هۆرمۆنی ئیسترۆجینە کە لە هێلکەدانەوە دەردەدرێت. بەکاریگەریی چەند هۆکارێك، دەشێت ئەم هۆرمۆنانە کەموکوڕیان تێ بکەوێت، ئەوکات وەك نەخۆش ڕەفتار لەگەڵ کەسەکە دەکرێت و چارەسەری شیاوی پێدەدرێت. لەڕاستیدا ئەم بابەتە دوورودرێژە و چەند حاڵەتێکیشی هەیە. لە حاڵەتی ناڕێکوپێکی و تێکچوونی دەردانی هۆرمۆنە زایەندییەکاندا، لایەنی دەروونیی کەسەکە کاریگەریی گەورەی هەیە.

## کۆم ئەندامێکی هەستیارە:

کۆم ئەندامێکی گرنگی لەشی مرۆڤە، توێکاریی و فسیۆلۆجی (کارئەندامزانی)یەکی گەلێك ئاڵۆزی هەیە، بەڕادەیەك ئاڵۆز و هەستیارە کە نەشتەرگەرەکان زۆر بەئاگاییەوە نەشتەرگەری ئەو ئەندامە دەکەن، چونکە کێشەکانی زۆر و هەستیارن. کاری بنەڕەتی کۆم، ڕێکخستنی پیسایی کردن و هێشتنەوە و درێژەپێدانی خۆکۆنترۆڵکردن یاخود خۆڕاگرتنە[1].

بوونی هەستیاریی زۆری دەرچەی کۆم لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤ کۆنترۆڵی خۆی لەدەست نەدات و لە ئاژەڵان باڵاتر بێت. بەڕاستی ئەمەش بەخششێکی گەورەیە و کە لەدەست دەچێت زۆرتر هەستی پێدەکرێت، وەك لەو نەخۆشانەدا کە توشی ئیفلیجی بوون، یان دڕکەپەتکیان بڕدراوە.

لەبەر گرنگیی ئەم ئەندامەی لەشی مرۆڤ، تەنانەت لەکاتی نەشتەرگەری لابردنی شێرپەنجەی بەشی خوارەوەی ڕێکەشدا، هەوڵدەدرێت دەستکاریی نەکرێت، گەرچی زۆرجار ئەم نەشتەرگەریانە گرانن و تەحەددایەکی گەورەن بۆ پزیشکەکان. بە بەردەوامیش ئامێر و تەکنۆلۆژیای نوێ دەدۆزرێتەوە، تا نەشتەرگەرییەکان ئاسان بکرێن و سەرکەوتووتر بن[2].

## پەیوەندیی زایەندی لەڕێی کۆمەوە، کارێکی نادروستە:

لەڕووی توێکاریزانی و فسیۆلۆجی و نەشتەرگەریی و ئاینیشەوە، بەهیچ شێوەیەك نابێت کاری زایەندی لەڕێی کۆمەوە بکرێت، تەنانەت لەنێوان نێرە و مێیەشدا، چ جای لەنێوان دوو نێرینەدا!! چونکە ڕووپۆشی ناوەوەی زۆر ناسك و هەستیارە. هەر لەبەر ئەو ناسکی و هەستیارییەی ناوپۆشی

1- Sabiston Textbook of Surgery, 19th edition, International Edition-2012, p1382.

2-Williams, N. S., P. Durdey, and D. Johnston. "The outcome following sphincter-saving resection and abdomino-perineal resection for low rectal cancer." British journal of surgery 72.8 (1985): 595-598.

کۆمە کە هەندێجار بچوکترین هەڵە یان کەمترین پەستان لەکاتی پشکنین یان نەشتەرگەریدا، ڕەنگە ئەو ڕووپۆشە بدڕێت و بەوەش زیانێکی گەورە بە کەسەکە بگات.

خودای گەورە خۆی بەدیهێنەری مرۆڤە و زاناترە بە هەموو ورد و درشتێك کە سوود یان زیانی بۆ مرۆڤ هەبێت. پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡۖ وَقَدِّمُواْ لِأَنفُسِكُمۡۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُم مُّلَٰقُوهُۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٢٢٣﴾ البقرة، واتە: (ژنەکانتان کێڵگەی خۆتانن، جا تۆو بوەشێننە ناو کێڵگەکانتانەوە بەهەر شێوەیەك دەتانەوێ و، کردەوەی باش بۆ خۆتان پێش بخەن و، لە خوا بترسن و بزانن بەدڵنیاییەوە بەخزمەتی دەگەن و، مژدە بدە بە بڕواداران). با ئافرەت حەڵاڵی مێردەکەشی بێت، بەڵام پیاو تەنها بۆی هەیە لە شوێنی خۆیەوە بچێتە لای خێزانەکەی، کە ئەویش زێیە. جگە لەوەی مایەی چێژ وەرگرتنە، شوێنی زاووزێشە. هەر بۆیە خودای گەورە بە کێڵگە (حَرۡثٞ) ناوی هێناوە، کە شوێنی تۆو چاندنە.

پەیوەندی زایەندی نێوان دوو هاوڕەگەز (نێر-نێر) بە نەخۆشی هەژمار دەکرێت. پێشتر بە یەکێك لە لادانە زایەندییەکان (الشذوذ الجنسي) دادەنرا و بەردەوام مومارەسەکارەکانی لە هەموو کۆمەڵگا و کلتورەکاندا بە قێزەون تەماشاکراون، بەڵام لەساڵی (1973)دا و لەبەر هۆکاری ڕامیاریی و ئابووری و لەدوای نەیاریکردنێکی بەهێز لەلایەن چالاکوانانی هاوڕەگەزبازییەوە، لە چاپی دووەمی (DSM-II)[3]دا هاوڕەگەزبازیی وەك یەکێك لە لادانە زایەندییەکان لابرا، تەنها وەك نەخۆشییەکی دەروونی بڕیاری لەسەر درا[4]! لەڕاستیدا ئەو کارە بە هیچ شێوەیەك کارێکی زانستیی نەبوو، وەك زانایانی ئەم بوارە باسی لێوە دەکەن. دواتر هاوڕەگەزبازیان کردە تێکچوونی ئارەزووە زایەندییەکان (إضطراب الميول الجنسية)، پێی دەڵێن: مەیلکردنی جینسی ڕەفزکراو لە خودەوە (لە منەوە) (الميل الجنسي المرفوض من الأنا) (ego-dystonic sexual orientation)!

### هەندێك لە زیانەکانی هاوڕەگەزبازی لەڕووی تەندروستی جەستەیی و دەروونییەوە:

#### 1- هۆکاری یەکەمی گواستنەوەی نەخۆشیە مەترسیدارەکەی سەردەمە (ئایدز: AIDS) یان (HIV):

لە توێژینەوەیەکدا کە (3492) هاوڕەگەزبازی تەمەن (15 بۆ 22) ساڵی چەند شارێکی ئەمریکا تێیدا بەشداربوون، دەرکەوت کە (7%)ی ئەوانەی مومارەسەی هاوڕەگەزبازیان کردبوو توشی ئایدز بوون[5].

3- ڕێبەری ناسینەوە و ئامارکردنی تێکچوونە دەروونیەکان(DSM-II): کە کۆمەڵەی پزیشکانی دەروونی ئەمریکی دەریدەکەن.

4- Drescher, Jack. "Out of DSM: depathologizing homosexuality." Behavioral Sciences 5.4 (2015): 565-575.

5-Valleroy, Linda A., et al. "HIV prevalence and associated risks in young men who have sex with men." Jama 284.2 (2000): 198-204.

تەنانەت ئەنجامدانی کاری زایەندی نێوان پیاو و ژن لەڕێی کۆمەوە دیسان هۆکارێکی سەرەکی گواستنەوەی ئایدزە. کە چاودێریی گوێزرانەوەی ئایدز کراوە لەنێوان ژن و پیاودا، دەرکەوتووە هۆیەکەی زیاتر ئەنجامدانی کاری زایەندی بووە لەڕێی کۆمەوە[6].

لە کۆتوێژینەوەیەك (Meta-analysis)ی کۆکراوەی (62643) توێژینەوەدا دەرکەوتووە کە ئەنجامدانی کاری زایەندی لەڕێی کۆمەوە، هۆکاری سەرەکی گواستنەوەی ڤایرۆسی (HIV)یە. هەر لەو کۆتوێژینەوەیەدا هاتووە: "ڕاپۆرتە نوێیەکان دەریدەخەن کە کاری زایەندی لەڕێی کۆمەوە لەنێوان کەسە هێترۆسێکچوەڵەکانیش (پەیوەندی نێوان پیاو و ژن = نێر و مێ)دا زیادی کردووە. لێرەوە تێدەگەین کە کاری زایەندی لەڕێی کۆمەوە کاریگەری هەرە گەورەی لەسەر گواستنەوەی ئایدز(HIV) هەیە"[7].

#### 2- هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گواستنەوەی ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر (لە جۆری B و C):

دۆزراوەتەوە کە هاوڕەگەزبازی هۆکاری گواستنەوەی ڤایرۆسی هەوکردنی جگەری جۆری (HBV) (B)یە بە (8,6 جار) زیاتر لە ئایدز (HIV)[8]. لە ساڵی (2006) و لە میانەی توێژینەوەیەك لە ئەمریکادا دەرکەوتووە کە زۆرترین هۆی توشبوون بە هەوکردنی جگەری ڤایرۆسیی جۆری (HBV) (B)، بەهۆی کاری زایەندییەوە بووە؛ ڕێژەی (39%) لەنێوان ژن و پیاو و (24%)یش لەنێوان نێر و نێر (MSM)[9]دا.

لە ئەورووپاشدا چەندین گروپ تۆمار کراون کە توشبوون بە هەوکردنی جگەری ڤایرۆسیی جۆری (HCV) (C) و هەڵگری ڤایرۆسی ئایدزن (HIV). ئەم گروپانە لەو نێرانەن لەگەڵ یەکتر (MSM) یاخود ئەو ئافرەتانەی لەگەڵ چەند پیاوێکدا (Multi partner) کاری زایەندی دەکەن. هۆیەکەش بریندار بوونی ڕووپۆشی کۆمە لەو جۆرە مومارەسە زایەندییە[10].

لەلایەکی دیکەوە توێژینەوەیەکی تر، کە لە ساڵی (2003) لەسەر مومارەسەی و باوی زایەندی نێوان کۆمەڵێك پیاو و ژن لەگەڵ یەکتر (هێترۆسێکچواڵ: Heterosexual) ئەنجامدرا،

6- Halperin, Daniel T. "Heterosexual anal intercourse: prevalence, cultural factors, and HIV infection and other health risks, Part I." AIDS patient care and STDs 13.12 (1999): 717-730.

7- Baggaley, Rebecca F., Richard G. White, and Marie-Claude Boily. "HIV transmission risk through anal intercourse: systematic review, meta-analysis and implications for HIV prevention." International journal of epidemiology 39.4 (2010): 1048-1063.

8- Kingsley, Lawrence A., et al. "Sexual transmission efficiency of hepatitis B virus and human immunodeficiency virus among homosexual men." Jama 264.2 (1990): 230-234.

9- Mast, Eric E., et al. "A comprehensive immunization strategy to eliminate transmission of hepatitis B virus infection in the United States." MMWR 54.16 (2005): 1-32.

10- Götz, Hannelore M., et al. "A cluster of acute hepatitis C virus infection among men who have sex with men–results from contact tracing and public health implications." Aids 19.9 (2005): 969-974.

دەریخست کە ڤایرۆسی (HCV) بە کەمی لەنێوانیاندا دەگوێزرێتەوە، یان هەر ناگوێزرێتەوە[11].

## 3- هۆکاری یەکەمە لە توشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجەی کۆم:

توێژەران دەڵێن: "لەم سێ ساڵەی دوایدا، ڕێژەی توشبوون بە شێرپەنجەی کۆم لە زیادبووندایە. هۆکارەکانی ئەم تووشبوونەش بە باشی زانراون، ئەوانیش هەوکردن بە ڤایرۆسی (HPV) و (HIV)ن کە هەردووکیان پەیوەندن بە زیادبوونی ژمارەی دۆستە ناشەرعییەکان (partners) (ئافرەتێك یان پیاوێك کە لەگەڵ چەند کەسێکدا سێکس بکات). هۆکارێکی تریش زیادبوونی سێکسکردنە لەڕێی کۆمەوە"[12].

لە توێژینەوەیەکی تردا (فریش و هاوەڵانی، 2000) کە لەسەر (417) توشبوو بە شێرپەنجەی کۆم ئەنجامدرا، دەرکەوتووە ئەم جۆرە شێرپەنجەیە لەو ئافرەتانەدا بڵاوە کە لە (10) دۆست (پارتنەر) و زیاتریان هەیە، یان سیفلس و نەخۆشییە سێکسیەکانی وەك ئایدزیان هەیە. هەروەها ئەوانەش کە پێش تەمەنی (30) ساڵی لەڕێی کۆمەوە سێکس دەکەن[13].

ئەمانە و چەندین نەخۆشی و بەڵا و نەهامەتی تر، کە توێژینەوە زانستییەکان دەریانخستوون، دەرەنجامی مومارەسەکردنی ئەم کارەن، کارێك کە بەهیچ شێوەیەك زانست و کۆمەڵگا و ئایینیش پشتگیریی لێ ناکەن.

با بزانین، کامەرانی و وخۆشژیانی هەر لە بەرنامەی خودای بەبەزەییدایە، هەروەك خۆی دەفەرموێت: ﴿وَٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيۡكُمۡ وَيُرِيدُ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلشَّهَوَٰتِ أَن تَمِيلُواْ مَيۡلًا عَظِيمٗا ٢٧ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمۡۚ وَخُلِقَ ٱلۡإِنسَٰنُ ضَعِيفٗا ٢٨﴾ النساء، واتە:شوێنکەوتنی ڕێچکەی شەیتانەکان هەمیشە نوشستی و بەدبەختی لەدواوە بووە و بانگەشەشیان کردووە بۆ ئاگر و دۆزەخی دونیا پێش قیامەت: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلنَّارِۖ وَٱللَّهُ يَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱلۡجَنَّةِ وَٱلۡمَغۡفِرَةِ بِإِذۡنِهِۦ ٢٢١﴾البقرة.

ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەستە بە بوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز و پتەو، جگە لە ژێرخانی ڕامیاری و ئابووری تۆکمە و بوونی دادپەروەری و ئاشتی. کوردستان پێویستی بە هاوردەکردنی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و سیستمی خۆشگوزەرانییە لە ڕۆژئاواوە، نەك هاوردەکردنی ماڵوێرانی و پەرتەوازەیی خێزانی، کە ئەوان پێی داغان بوون و خەریکە ئەو بونیادە ئابووری و زانستییە بەهێزەیان لەبن بهێنێت.

مایەی ناخۆشی و خەفەتە، کە دەبینین پەروەردەی سلێمانی مۆڵەتی بە ڕێکخراوێك داوە کە لەسەر دیواری خوێندنگاکانی شارەکە بانگەشەی هاوڕەگەزبازی و بایسێکچواڵێتی (Bisexual - ثنائية الجنس) بکات[14]!! لەبری ئەوەی خوێندن و زانست ببێتە هۆکاری پێشکەوتن و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی، ببێتە هۆکاری بڵاوکردنەوەی بەدڕەوشتی و پەرتەوازبوونی خێزان، پاشانیش وڵات.

ئەگەر هاوڕەگەزبازی نەخۆشی بێت، وەك توێژینەوە زانستییەکان سەلماندویانە، دەبێت چارەسەر بکرێت و بە دەرمانی تاڵ و ئازاری نەشتەر تیمار بکرێت، نەك بانگەشەی بۆ بکرێت و برەوی پێ بدرێت. دوایی کێ دەچێتە ژێر ئەو ئاکامانەی کە بەدوایاندا دروست دەبێت!؟

تێبینی: لەم وتارەدا تەنها ئاماژەمان بە هەندێك لە زیانەکانی نێربازی کردووە وەك یەکێك لە لادانە زایەندییەکان، چونکە جۆرەکانی تری لادانی زایەندی، وەك: بایسێکچواڵ (سێکس کردن لەگەڵ هەردوو توخمدا) و ژنی هاوڕەگەزباز (السحاق) (Lesbian) و لەوجۆرە، چەندین زیانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی مەترسیداریان هەیە.

خودای گەورە وڵاتمان لە هەموو نەخۆشی و ناخۆشییەك بپارێزێت.






وێنەی دیواری خوێندنگایەکی شاری سلێمانی

11-Marincovich, B., et al. "Absence of hepatitis C virus transmission in a prospective cohort of heterosexual serodiscordant couples." Sexually transmitted infections 79.2 (2003): 160-162.

12-Nelson, Valerie M., and Al B. Benson. "Epidemiology of Anal Canal Cancer." Surgical oncology clinics of North America 26.1 (2017): 9-15.

هەروەها:

-Chiao, Elizabeth Y., et al. "A population-based analysis of temporal trends in the incidence of squamous anal canal cancer in relation to the HIV epidemic." JAIDS Journal of Acquired Immune Deficiency Syndromes 40.4 (2005): 451-455.

13-Ryan, David P., Carolyn C. Compton, and Robert J. Mayer. "Carcinoma of the anal canal." New England Journal of Medicine 342.11 (2000): 792-800.

14- ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە 573. هەروەها: چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی ڕووداو لەگەڵ سەرۆکی ڕێکخراوی ڕاسان..

# لیکی سەگ
# هەندێك جار كوشندەیە!

ئا: تارا حەمە شوکر حەمە سۆفی tara.mlive@gmail.com

بە گوێرەی لێکۆڵینەوە نوێیەکان، دەرکەوتووە لیکی سەگ هەڵگر و گوێزەرەوەی چەندان جۆر بەکتریایە، بە نمونە نەخۆشی هاری (داء الکلب) کە بەهۆی گەستن لە سەگێکی تووشبووەوە دەگوێزرێتەوە، ساڵانە هۆکاری مردنی (60000) کەسە[1,2].

هەندێك لەو بەکتریایانەی کە لە لیکی سەگدا هەن:

- Salmonella: بە ئاسانی لە سەگەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە.. لە نیشانەکانی ئەو نەخۆشیە: ڕشانەوە، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و چەندین نیشانەی تر.
- Pastuerella: ئەم بەکتریایە هەوکردنی پێست و گرێ لیمفییەکان و چەندین هەوکردنی تر دروست دەکات لە مرۆڤدا.
- Capnocytophaga canimorsus: دیارترین جۆری بەکتریای نەخۆشخەرە بۆ مرۆڤ کە لەناو پۆشی دەمی سەگی تەندروستیشدا هەیە، لە ڕێگەی گەستن یان بەرکەوتنی لیکی زۆرەوە دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ. کەسەکە تووشی هەوکردنی ناو خوێن، گانگرین و سەحایا دەبێت[2].

لە ڕاپۆرتێکدا کە لەسەر پێگەی CBS News لە ساڵی 2016 دا بڵاوکراوەتەوە، باسی ئافرەتێکی بەریتانی دەکات کە بەهۆی لیکی سەگەوە ئەم بەکتریایەی بۆ گواستراوەتەوە، بۆتە هۆی بێهۆشی و ژەهراویبوونی خوێن و، تەنانەت لە کارکەوتنی گورچیلەکانی و بۆتە هۆی مردنی. ئەوەی لە کەیسی ئەو نەخۆشەدا سەیر بوو بەلای پزیشکەکانەوە، ئەوە بوو ئەوان تەنها بەهۆی گواستنەوە ئەم بەکتریایەیان لە نەخۆشدا دیاری کردووە، بەڵام ئەم ئافرەتە سەگەکە نەیگەستبووە، بەڵکو تەنها بەهۆی بەرکەوتنی لیکەکەیەوە توشبوو بوو[3].

- Helicobacter spp.: ئەم بەکتریایە کۆئەندامی هەرسی مرۆڤ تووشی هەوکردن دەکات. بە پێی لێکۆڵینەوەیەك (DNA)ی ئەو بەکتریایە لە ناوپۆشی دەمی (%70)ی سەگدا هەیە[4].

لەگەڵ ئەوەی هەندێك کەس کۆئەندامی بەرگریان بۆ ئەم بەکتریایانە ڕەنگە بەهێزبێ، بەوەش تووشی ئەم نەخۆشیانە نەبن، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی لە نزیکبوونەوەی زۆر لە سەگ خۆمان نەپارێزین.

پێغەمبەری خۆشەویستمان محەممەد ﷺ پێش چواردە سەدە، بە شێوازێکی ئاسان، لەم مەترسییە ئاگاداری کردوینەتەوە، کە دەفەرموێت:"إِذَا وَلَغَ الكَلْبُ فِي إِنَاءِ أَحَدِكُمْ فَلْيُرِقْهُ ثُمَّ لِيَغْسِلْهُ سَبْعَ مَرَّاتٍ" (رواه مسلم). واتە: (ئەگەر سەگێك دەمی خستە خواردنەوەکەتان با بیرێژێت و پاشان حەوت جار بیشوات).

ئەمە ڕێگایەکی خۆپارێزی زۆر تەواوە بۆ دڵنیایی مرۆڤ لە مەترسی ئەم نەخۆشیانە و دوورکەوتنەوە لە بەخێوکردنی سەگ لە ناو ماڵەکاندا. هەرچەندە لەو سەردەمەدا زانست بەم جۆرەی ئێستا نەبووە، هەتا بزانرێت لیکی سەگ بۆ مرۆڤ زیان بەخشە. ئەگەر ئەو پێغەمبەری خودا نەبووایە چۆن ئەو زانیاریەی پێ دەگەیشت؟ و چ پێویستیەکی بەو قەدەغەکردنە لە مامەڵەکردن لەگەڵ سەگدا هەبوو؟

کێ پێغەمبەر ﷺ ی فێرکرد کە شوێنی لیکی سەگ، کاتێك دەم دەخاتە خواردنێکەوە، پێویستە حەوت جار بشۆردرێت؟! لەگەڵ ئەوەی کە سەگەکە لەوانەیە دەم نەخاتە خواردنەوەکە بە تەواوی، بەڵکو تەنها دەمی بەر شلەی ناو خواردنەکە بکەوێت. بەڵام پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت پێویستە قاپەکە بشۆن، کاتێك کە سەگ دەم دەخاتە دەفرێکەوە تەنیا فەرمان ناکات بە ڕشتنی ئەوەی ناوی بەڵکو دەفەرموێت دەفرەکەش حەوت جار بشۆن.



ئایا لێکدانەوەت چییە بۆ ئەو زانیاریەی پێغەمبەر ﷺ ؟!

تەفسیری زانستی بۆ فەرموودەکەی پێغەمبەر پێویستە ئەوەمان بخاتە بەرچاو کە پێغەمبەر ﷺ نێردراوی خوای گەورەیە و، هەموو ئەو زانیاریانەی کە پێیەتی سروش و وەحی خوای گەورەیە. ئەوەتا ئێستا زانایانی لێکۆڵەر و زانستی نوێ فەرموودەکانی پشتڕاستی دەکەنەوە، تاکو ڕاست و دروستی ئیسلام بۆ هەموو جیهان بسەلمێت...


سەرچاوەکان:

(1) http://www.who.int/rabies/human/en/

(2) https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/25828064

(3) https://www.cbsnews.com/news/womans-pet-dog-gave-her-life-threatening-infection/

(4) http://www.sciencedirect.com/science/article/pii/S0378113506003506

(5) http://www.kaheel7.com/



# حیکمەتی زانستیی لە حەرامکردنی

## برۆهەڵگرتن و خاڵ کوتین و دان شاشکردن

ن: پ. د. مەنال جەلال عەبدلوەهاب
و: جومعە هەمەوەندی

بوخاری لە ئیبن مەسعودەوە دەگێڕێتەوە: (لَعَنَ اللهُ الْوَاشِمَاتِ وَالْمُسْتَوْشِمَاتِ، وَالنَّامِصَاتِ وَالْمُتَنَمِّصَاتِ، وَالْمُتَفَلِّجَاتِ لِلْحُسْنِ الْمُغَيِّرَاتِ خَلْقَ اللهِ.. فَبَلَغَ ذَلِكَ امْرَأَةً مِنْ بَنِي أَسَدٍ يُقَالُ لَهَا: أُمُّ يَعْقُوب، فَجَائَتْهُ فَقَالَتْ: مَا بَلَغَنِي أَنَّكَ لَعَنْتَ كَيت وَكَيت، فَقَالَ: وَمَا لِي لا أَلْعَنُ مَنْ لَعَنَ رَسُولُ اللهِ ﷺ، وَهُوَ فِي كِتَابِ اللهِ؟! فَقَالَتِ: لَقَدْ قَرَأْتُ مَا بَيْنَ اللَوْحَيِن فَمَا وَجَدْتُ فيه! فَقَالَ: لَئِنْ كُنْتِ قَرَأْتِيهِ لَقَدْ وَجَدْتِيهِ، أما قرأتِ (وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا)، فَقَالَتِ: بلى. قال: فإنه قد نهى عَنهُ. قالت: فَإِنِّي أَرَى أهلك يفعلونه، قَالَ: فاذْهَبِي فَانْظُرِي، فَذَهَبَتْ فَلَمْ تَرَ من حاجتها شَيْئًا! فَقَالَ: لَوْ كَانَت كذَلِكَ ما جَامَعْتنَا).
(البخاري في: 65 كتاب التفسير: 59 سورة الحشر: 4 باب وما آتاكم الرسول فخذوه).

واتە: بوخاری بە سەنەدی خۆی لە ئیبن مەسعودەوە دەگێڕێتەوە، گوتویەتی: خوا نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی خاڵ دەکوتن و ئەوانەش کە بۆیان دەکوتن، ئەوانەی برۆ هەڵدەگرن و ئەوانەی بۆیان هەڵدەگرن، ئەوانەی بۆ جوانی ددانیان شاش دەکەن و دروستکراوی خوا دەگۆڕن.

ئەم قسەیە گەیشتە ئافرەتێك لە (بەنی ئەسەد) پێیان دەگوت (دایکی یەعقوب)، هات بۆ لای و گوتی: بیستومە کە نەفرەتت لە ئەوە و ئەوە کردووە؟

گوتی: بۆ نەفرەت لەوە نەکەم کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی لێکردووە و لە کتێبی خواشدا هاتووە.

ئافرەتەکە گوتی: لە بەرگ بۆ بەرگ قورئانم خوێندۆتەوە، ئەوەم نەبینیوە.

گوتی: ئەگەر بتخوێندبایەوە دەتبینی، ئەی نەتخوێندۆتەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ ۝٧﴾؟ گوتی: با.

گوتی: جا ئەویش ڕێگریی لێکردووە.

گوتی: من پێم وایە خێزانەکانت ئەوە دەکەن.

گوتی: برۆ بڕوانە دەیکەن. ڕۆشت و هیچی دەست نەکەوت!

گوتی: ئەگەر ئەوەیان بکردبایە نەدەچوینە لای.

**ڕونکردنەوەیەکی زانستیی پێکهاتەی توێکاری و ئەرکی ناوچەی برۆ:**

مـوی بـرۆ لـە مـوی شـوێنەکانی دیکـەی لـەش جیـاوازە، یەکـەم مـووە لـە کۆرپەلـە گەشـە دەکات، وەك قـژ ناوەڕێـت و ناگۆڕێت، پێگەیشتنی هۆرمۆنـی کاری تـێ نـاکات، سـەلمێنراوە کـە پێکهاتـەی میلانینـی مـووی بـرۆ جیـاوازە، لـە مـووی شوێنەکانی دیکە چڕتـرە. پێکهاتەی توێکاری ناوچەی بـرۆ، کە بە وردبینـی ئەلیکترۆنـی، پێکهاتەیەکـی جیـاوازی هەیـە، لەسـەر شـێوەی دەرچەیـە (Kenn 2001)، خانـە ڕەگیـەکان لـە ناوچـە دەرپەڕیوەکەن، خانە بۆیەییەکانی میلانۆسیت کە ڕەنگی موو و پێست لـەوێ دروست دەکرێت، ئەوانـەی لـە مووەکانن، جیـاوازن لەوانـەی لـە پێستدا هـەن. خانـە بۆیەییەکانی میلانۆسیت و کریتانۆسیت لەو ناوچەیە سەرچاوەکەی پۆپنەی دەماری (العرف العصبي neural crest)، جیاواز لە شوێنەکانی دیکەی پێست.

لـە تاقیکردنـەوە لەسەر مشك سـەلمێنراوە کە لابردنی بـرۆ بـە هەڵکەنـین، وا دەکات ئـەو مـووەی لـە شـوێنی دێـت خێراتـر گەشـە بـکات، وەك لـە گەشـە ئاساییەکەی.

هـەروا زانیاـن بۆیان دەرکەوتـووە کـە مـووی ناوچـەی بـرۆ وەك ئامێـری ڕژێنـی هۆرمۆنـەکان کاردەکات، هاوشـێوەی ئـەوەی لـە ناوچـەی ژێرلانکـە لـە مێشـك (Hypothalamus) و ڕژێنـی پەریـزادە و ڕژێنـی سـەرگورچیلە ڕوو دەدات و هەمـان ئـەو هۆرمۆنانـە دەردەدات، وەك (کۆرتیـزۆن).

هـەروەك سـەلمێنراوە کـە ئـەو مووانـە پێشـوازی لـە هۆرمۆنەکانـی مێیینـە وەك (ئیسـترۆجین و پرۆلاکتیـن) و هۆرمۆنەکانی نێرینە وەك (ئەندرۆجین و کۆرتیزۆن) دەکات و ئـەو هۆرمۆنانـە کاریـان لەسـەر دەکات.

**هەندێـك لـە نهێنییـە پزیشـکییەکانی برۆهەڵگرتـن و خـاڵ کوتیـن:**

**یەکەم: زیانەکانی برۆهەڵگرتن:**

1- بەهـۆی ورووژانـی بەردەوامـی ئـەو ماسـولکانەی بـرۆ بـەرز دەکەنـەوە، ماسولکەکانی پێڵوی سـەرەوەی چاو خاو دەبێتـەوە:

دەرکەوتووە زۆر برۆهەڵگرتن دەبێتە هۆی زۆر وروژانی پێست و ماسولکە بزوێنەرەکانی برۆ، ئەمەش دەبێتە هۆی خاوبونەوەی پێڵوی سەرەوەی چاو، ئەو خاوبونەوەیەش لە بەشی سەرپەڕ (lateral) دەبێت، لە بەر کەمیی ئەو چەوریە ڕاگرەی ژێر پێڵوو و، ماسولکەی بەرزکەرەوەی برۆش ناتوانێت لەگەڵ لای سەرپەڕ پێکەوە بنوسێن[1].

2- توێژینەوەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە **برۆهەڵگرتن دەبێتە هۆی سەرئێشە و هەوکردنی گیرفانە لوتیەکان.** ئەوەی پەیوەستیی لووت بە برۆوە دوپات دەکاتەوە کاردانەوەی پژمینە؛ تێبینی دەکرێت لەگەڵ برۆهەڵگرتن دەپژمێت، لێکدانەوەی زانستی بۆ ئەمەش ئەوەیە: لە ئەنجامی وروژانی دەمارەکانی لووت، کە لە دەماری پێنجەمی مێشکەوە دابین دەکرێت، ئەوەش هەمان سەرچاوەی دەماریی برۆیە.

3- مووی برۆ کەم دەبێتەوە، بەهۆی مردنی سەلکە مووەکان و کار لە رووکاری دەرەوەی جوانیی ئافرەت دەکات، هەر ئەمەشە وایکردوە رۆژئاوا خاڵکوتین و چاندن و پێوەنوساندنی برۆ بەکاردەهێنن.

**4- نەخۆشیی پێستی لێ دەکەوێتەوە، وەك بەڵەکی و بالوکە لای ئەوانەی بەرگرییان لاوازە.**

5- لە حاڵەتی لاوازیی بەرگری لەش، جا لەبەر هەر هۆیەك بێت (وەك بێنوێژی و سکپڕی و منداڵبوون و زەیستانی)، برۆهەڵگرتن دەبێتە هۆی زۆربونی مەمیلەکان و دەبێتە هۆی نەخۆشی و هەوکردنی سەلکی موو، پاشان کەمترین ڕوشان لەوانەیە ببێتە هۆی نەخۆشیەکانی پێستی وەك زیپکەی پەمەیی (acne rosera)، لە حاڵەتە توندەکاندا بە دژە زیندەگی و لەناوبەری دەنکۆڵەکان بە ئاوێتەی (سلفا) کۆنترۆڵ ناکرێت. هەروەك دەکرێ هەوکردنەکە لە چاودا بڵاوبێتەوە و، هەوکردنەکە بە شێوازی گەڕانەوە بگاتە خوێنهێنەرەکانی برۆ و برژێنە ئەشکەوتە کەلێن (cavernous sinus) لە ناو کەللەسەر، بەمەش مەترسییەکی گەورە لەسەر ژیان دروست دەکات[2]. هەروەك لەوانەیە بەکتریای هێشویی (عنقودی) کە بە سروشتی لەسەر پێست و قژ هەیە، لەو شوێنە ببێتە هۆی هەوکردنی پێست بە تایبەتی ئەگەر خاوێن نەبێت[3].

6- سەلکەکانی ڕەگی موو (Hair follicles) لە برۆکان لەکاتی لەدایکبووندا ژمارەیان زۆر کەمە، لەی دوای لە دایکبوونیشدا لە سنوورێکی کەمدا سەلکەموی دیکە پێ دەگات. برۆهەڵگرتن بە هەموو جۆرەکانی (موکێش، داو، مۆم، لێزەر، کارەبا) لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەستدانی یەکجاریی برۆ، کە کار لە شێوەی جوانیی ئافرەت دەکات، بەمەش برۆ تەنك دەبێتەوە، ئەمەش وای لە رۆژئاوا کردووە بنکەی چاندنی قژ و مووی برۆ دروست بکەن، هەروەها چەندین مۆدێلیان دروستکردووە و بە ناوی کەسە دیارەکانی خۆیانەوە ناویاننناوە. هەروەها پەیمانگای فێرکاریی و ڕاهێنانیان دامەزراندووە، بۆ چارەسەری لە دەستدانی مووی برۆ بە قەرەبووکردنەوەی بە پێوەنوساندن یان بە کوتان یان وێنەکێشانی برۆ، ئەوەش مەترسیی و زیانی زۆری تێدایە و گۆڕینی دروستکراوەکانی خوایە.

7- دوایین شتێك کە زانایان پێی گەیشتوون ئەوەیە، کە برۆهەڵگرتن ئازاردانی پێستە، کە برینەکە یەك دەگرێتەوە، مولوولەی خوێنی تازە دروست دەبێت و خانەکانی بنتوێژ دێتە سەرەوەی پێست، بەمەش گۆڕانی بەردەوام لە پێست ڕوودەدات.

8- **ئاسانکردنی ڕوودانی شێرپەنجەی خانەی بنچینەیی** (basal cell carcinoma): دۆزراوەتەوە کە شێرپەنجە پەیوەندی بە ڤایرۆسی (human papilloma virus) هەیە، کە لەسەر پێست دەژی بە تایبەتی پێستی نێوچەوانی مرۆڤ لای برۆکان... توێژینەوەکان لە 2008ەوە لە سوید و ئەڵمانیا و وڵاتە یەکگرتووەکان ئەنجام دەدرێن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن. (devillers et al., 2004 - Cristina et al. 2007).

9- تاقیکردنەوەکان لەسەر مشك سەلماندویانە کە هەڵکێشانی موو دەبێتە هۆی مردنی خانەکانی سەلکی موو. بۆیە بە زۆر هەڵکێشان، مووی برۆکان کەم دەبێتەوە و لە داهاتوودا کار لە جوانیی ئافرەت دەکات، بۆیە رۆژئاوا خەریکی چاندنی موون و، مارکە و مۆدێلی تازەی داهێناوە بەناوی ناودارەکانیان[4].



1- PTOSIS: causes, presentation and management: Aesthetic Plastic Surg, 2003 May-Jun:27(3): 193-204. Epub 2003 Aug 21.

2-Book: Textbook of Dermatology. Ed Rook A, Wilkinson DS, Ebling FJB, Champion RH, Burton JL. Fourth edition. Ann Acad Med stetin. 2007:53.

3-Microscopic Examinations of skin Infections- Ectoparasites 2007 Rebecca Buxton University of Utah Salt lake city Rebecca. Buxton@ path.Utah.Edu

4-Journal Archives of Dermatological Research Springer Berlin / Heidelberg 03403696- (Print) 1432069X (On line) Volume 295, Number 11 March, 2003.

## دووەم: خاڵ کوتین

1- بۆیەی کوتینەکە لە توێژی پێست بڵاو دەبێتەوە و، خانە قەپگرەکان (macrophage) بۆیەکە دەمژن، ئینجا ئەم خانانە بە ریشاڵی لیفی دەوردەدرێن و جێگیر دەبن، ئیتر بە تازەترین تەکنیکی (نانۆ)ش ناتوانرێت ئەو خاڵە لاببرێت. لە ڕێگای نەشتەرگەریشەوە شێواندنێك لە پێست دروست دەکات، ئەوەش گۆڕینێکی بەردەوامی دروستکراوی خوایە.

2- کوتانی خاڵ لەوانەیە ببێتە هۆی ژەهراوی بوونی خوێن و، ئەگەر زۆرە تووشی هەوکردنی جگەری پەتایی بێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی هەستیاریی پێست، لەوانەشە ببێتە هۆی کۆنیشانەی وەك تاسانی ژەهراوی (Toxic shock-like syndrome) لەبەر بوونی ماددەی ژەهراوی لە بۆیەکەدا کە زیان بە جەستە دەگەیەنێت.

## سێیەم: ددان ڕنین و شاشکردن

ددان شاش (الوشر) جۆرێکە لە (trauma) دەبێتە هۆی لابردنی چینێك لە مینای دەرەوەی ددان. بە پێی پێکهاتەی توێکاریی ددان پاشماوەی جینیی لە چینی دەرەوەی ددانەدا هەیە، ڕنین کار لە پاشماوە جینییەکان دەکات و چالاکی دەکات و، دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی توێکاریی (metaplasia) بەردەوام، کە لەوانەیە ببێتە هۆی شێرپەنجە.( JDent. Res :88 1:12-24.2007).

ئێسکەکانی ڕوو جومگەی کەلێندارییان لە نێواندایە، لە تەمەنێکی درەنگ پێکەوە دەلکێن، شاشکردنی ددان کار لەو جومگانە دەکات و لێکیان دووردەخاتەوە و وادەکات پێکەوە نەلکێن. بەمەش جومگەی نێوان ددان و شەویلگە یان شەویلگە و کەللەسەر گۆڕانی بەسەردا دێت و دەبێتە هۆی گۆڕانی دەربڕینەکانی ڕوو.



## ڕووی ئیعجاز لە فەرموودەکەدا:

فەرموودەکە ئاماژە بۆ دوو ڕوو دەکات، کە هۆی حەرامکردنی ئەو کارانە بوون:

یەکەمیان: گۆڕینی دروستکراوی خوای گەورە.

دووەم: زیانی تەندروستیی لە ئەنجامی ڕوودانی ئەو گۆڕینی دروستکراوە.

توێژینەوە زانستییە نوێیەکان سەلماندوویانە کە ئەو کارە حەرامانە گۆڕینی دروستکراوی خوای گەورەی تێدایە، لەسەر ئاستی توێکاریی و لەسەر ئاستی خانە و پێکهاتە و ئەندام و ئەرك.

## یەکەم: گۆڕینی دروستکراوی خوا بەهۆی برۆهەڵگرتن:

سەلمێنراوە کە ئەو مووەی دوای برۆهەڵگرتن دێتەوە ئەستورتر و درێتر و چڕترە لە مووەکەی یەکەم و ناگەڕێتەوە سەر سروشتی یەکەمی. هەروەها برۆهەڵگرتنی بەردەوام لە ئەنجامدا مووی نامێنێت و هیچی دیکە نایەتەوە، ئەمەش جوانیەکەی دەشێوێنێت.

## دووەم: گۆڕینی دروستکراو بەهۆی خاڵکوتین (Tattoo):

دوای برینی پێست، جۆرەها بۆیەی کانزایی قورس لە خاڵکوتین بەکاردێت، جۆرەها شێوازی تازە یان کۆن هەیە لە بەکارهێنانی ئامراز و ئامێری برینی پێست.

دەکرێ هەندێك ڕەنگی خاڵ کاڵ بکرێتەوە یان لاببرێت، بەڵام تا ئێستاش ناتوانرێت بە تەواوی لاببرێت، چونکە هەندێك لە خانەکانی پێست بۆیەکە دەمژن و بە خانەی ریشاڵیی دەوردەدرێت. پاشان هەندێك دەنکۆڵەی بۆیەکە لە نێو پێکهاتەکانی پێست بڵاودەبێتەوە و ئەو خانانەی بۆیەکەیان مژیوە جێگیر دەبن، ئیتر ئەو بۆیەیە لا ناچێت مەگەر بە نەشتەرگەری. هەتا تەکنیکی لێزەر و نانۆ لەلابردنی شوێنەواری خاڵ شکستیان هێناوە و شوێنەواری هەر دەمێنێت. کەواتە خاڵکوتان شوێنەواری بەردەوام لە پێست دروست دەکات، ئەوەش گۆڕینی بەردەوامە لە پێستدا.

## سێیەم: گۆڕینی دروستکراوی خوا بەهۆی ڕنین و شاشکردنی ددان:

لە دەوری ددان بەستەر هەیە، ددان بە لێواری شەویلگە دەبەستێتەوە، بە جومگە دادەنرێت، جوڵاندن یان شاشکردن کار لەو جومگە و بەستەرانە دەکات و شێوەی ئێسکی ڕوو دەگۆڕێت و ئەوەش کار لە ماسولکەکانی دەموچاو دەکات و دەربڕینەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام دەگۆڕێت. هەروەها پاشماوەی کۆرپەلەیی لە ددانەدا ماوە، لەگەڵ خانەی پۆپنەی دەماری، بە ڕنین دەوروژێن.

**توێژینەوە زانستییە نوێیەکان زیان و مەترسییەکانی برۆهەڵگرتن و خاڵکوتین و ددان ڕنین دەسەلمێنن**، وەك باسمان کرد. ئەوەش هاوتای ئەوەیە کە فەرموودەکە بەر لە 1400 ساڵ باسی کردووە، لەوەی کە ئەو کارانە زیانبەخشە و ناتەواوییەك لە ئەرکی ئەندامەکان دروست دەکات و مەترسی هەیە لەسەر تەندروستی و نەخۆشیی لێ دەردەکەوێت، هەموو ئەمانە لە ئەنجامی گۆڕینی دروستکراوی خوا بەشێوەیەکی بەردەوام، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە پێغەمبەر ﷺ لەخۆیەوە قسە ناکات، بەڵکو بە نور و نیگای خوا قسە دەکات و ڕێنمونیکاری مرۆڤە بۆ دروستی و ئاسوودەیی و خۆشیی دنیا و دوارۆژ.

وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ۝٣ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ۝٤ ﴾ النجم.

## سەرچاوە:

بابەتی (الحكمة العلمية في تحريم النمص والوشم والتفلج)، گۆڤاری (الإعجاز العلمي) ژ/ 33.

# ئایا مرۆڤ
# تەنها پێویستی بە خواردنە ڕووەکییەکانە؟

د. زاکیر نایک          و: ئەحمەد تەوحیدی 1monotheist1@gmail.com

زۆرینەی موسڵمانان دەزانن کە ئیسلام ئاینێکی گەردوونیە و بۆ هەموو مرۆڤایەتیە. خوای گەورە پەروەردگاری هەموو گەردوونە، هەروەها موسڵمانان ڕێز و متمانەی بڵاوکردنەوەی پەیامی خوایان بۆ مرۆڤایەتی پێ بەخشراوە، بەڵام بەداخەوە زۆر لە موسڵمانانی ئەمڕۆ سستن بەرامبەر بەم ئەرکە! سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە نکۆڵی لەوە ناکەین کە ئیسلام باشترین ڕێبازی ژیانە، بەڵام هێشتا زۆرێك لە ئێمە شەیدای گەیاندنی ئەم پەیامە نین بۆ گەیاندنی بەو کەسانەی کە پێیان نەگەیشتووە.

خودا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَـٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَـٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿١٤٠﴾ ﴾ البقرة، واتا: (جا کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە شایەتییەك دەشارێتەوە کە لە لایەن خواوە پێی گەیشتووە، خوداش بێ ئاگا نییە لەوەی ئێوە دەیکەن).

دەڵێن: کوشتنی ئاژەڵ کردارێکی دڵ ڕەقانەیە. کەواتە موسڵمان بۆچی گۆشتی ئاژەڵ دەخوات؟

وەڵام: خواردنی ڕووەکی لە ئێستادا بووە بە بزوتنەوەیەك لە سەرانسەری جیهاندا. زۆرکەس هەن کە نەکوشتنی ئاژەڵ بە مافی ئاژەڵ دادەنێن. لە ڕاستیدا ژمارەیەکی زۆر خەڵك هەن کە خواردنی گۆشت و بەرهەمە ناڕووەکییەکان بە شێواندنی مافی ئاژەڵ دەزانن.

ئیسلام سۆز و میهرەبانیی بۆ هەموو دروستکراوێك هەیە. لە هەمان کاتدا ئیسلام ئەوەش لە بەرچاو دەگرێت کە خودا هەموو ئەوەی لە زەویدا دروستی کردووە بۆ خۆشبەختکردنی مرۆڤەکانە و لە خزمەتیاندایە. مرۆڤەکانیش دەتوانن چاو بە زەویدا بگێڕن و دانایی خودا ببینن لە بەخششەکانی و متمانەی ئەو بۆ مرۆڤایەتی.

با هەندێك لایەنی ئەم گفتوگۆیە لێك بدەینەوە.

**1. موسڵمان دەتوانێت بە تەواوی خواردنی ڕووەکی بخوات:**

موسڵمان دەتوانێت موسڵمانێکی تەواو بێت، سەرەڕای خواردنی ڕووەك بە تەنها. لەسەر موسڵمان واجب نیە گۆشتی ئاژەڵ بخوات.

**2. قورئان ڕێگە بە موسڵمان دەدات گۆشتی ئاژەڵ بخوات:**

قورئان بە ئاشکرا ڕێگە بە موسڵمان دەدات گۆشتی ئاژەڵ بەکاربهێنێت، ئەم ئایەتانەی خوارەوە بەڵگەن لەسەر ئەو ڕاستییە:

- ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَوْفُوا۟ بِٱلْعُقُودِ ۚ أُحِلَّتْ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلْأَنْعَـٰمِ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ غَيْرَ مُحِلِّى ٱلصَّيْدِ وَأَنتُمْ حُرُمٌ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ مَا يُرِيدُ ﴿١﴾ ﴾ المائدة. واتا: (ئەی بڕواداران بەڵێنەکانتان ببەنە سەر، حەڵاڵکراوە بۆتان گۆشتی ئاژەڵ (مەڕ و بزن و وشتر و ڕەشەوڵاخ) بێجگە لەوەی کە دەخوێنرێتەوە بەسەرتان حەرامە).



- ﴿ وَالْأَنْعَامَ خَلَقَهَا لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَافِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٥﴾ ﴾ النحل. واتا: (ئاژەڵیشی بۆ ئێوە دروست کردووە کە (هۆی) گەرمایی و کەڵکیان تێدایە و لە (گۆشتی) ئەوان دەخۆن).

- ﴿ وَإِنَّ لَكُمْ فِي الْأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهَا وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ المؤمنون. واتا: (بە ڕاستی بۆ ئێوە لە ئاژەڵ و ماڵاتدا پەند هەیە، پێتان دەنۆشین ئەو (شیر)ەی لە ناوسکیاندایە و بۆ ئێوە لەو (ئاژەڵانەدا) سوود و کەڵکێکی زۆر هەیە و لێشیان دەخۆن).

**3. گۆشت خۆراکێکی دەوڵەمەندە بە پرۆتین:**

گۆشت سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ پرۆتین. لە ڕووی زیندەوەرزانیەوە ڕێژەیەکی زۆر پرۆتینی تیادایە، وەك هەشت ترشە ئەمینیە سەرەکیەکەی کە جەستە ناتوانێت کۆیان بکاتەوە و پێویستە بەکاربهێنرێن لە ڕژێمی خواردندا. گۆشت هەروەها ئاسن، ڤیتامین B1 و ترشی نیکۆتینی تیایە.

**4. پێکهاتەی ددانی مرۆڤ بە جۆرێکە کە گونجاوە بۆ خواردنی گۆشت:**

ئەگەر سەرنج بدەین ددانی ئاژەڵە گیاخۆرەکان، وەك مانگا و بزن و مەڕ، دەبینین شتێك دووبارە دەبێتەوە لە شێوەی ددانی هەموویاندا؛ هەموو ئەو ئاژەڵانە ددانیان شێوەی تەختە کە گونجاوە بۆ گیا خواردن. ئەگەر سەرنجی ددانی ئاژەڵە گۆشت خۆرەکان بدەین، وەك شێر و پڵینگ و جۆرەکانی، دەبینین کە شێوەی ددانەکانیان نوك تیژە بە جۆرێك کە گونجاوە بۆ گۆشت خواردن. ئەگەر تێبینی ددانی مرۆڤ بکەین هەردوو جۆرەکەی ددانی هەیە بە جۆرێك کە هەندێکیان تەخت و هەندێکی تریان نوك تیژن. بۆیە ددانەکانیان گونجاوە بۆ خواردنی گیا و گۆشت. کەواتە ئێستا با بپرسین: **ئەگەر خودای بەدەسەڵات مرۆڤی وا دروست کردووە کە بە تەنها سەوزە و میوە بخوات، کەواتە بۆچی ددانی ئێمەی بە ددان گەلێکی نوك تیژ دروستکردووە؟** ئەوە شتێکی ژیرانەیە کە بە جۆرێك دروستی کردووین، پێویستمان بە خواردنی سەوزە و میوە و گۆشتیش هەبێت.

**5. مرۆڤ دەتوانێت ڕووەك و گۆشت هەرس بکات:**

کۆئەندامی هەرسی ئاژەڵە گۆشت خۆرەکان بە تەنها دەتوانێت گۆشت هەرس بکات، بەڵام کۆئەندامی هەرسی ئاژەڵە گیا خۆرەکان بە تەنها دەتوانێت گیا هەرس بکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە کۆئەندامی هەرسی مرۆڤ دەتوانێت گیا و گۆشت هەرس بکات. جا ئەگەر خودا مەبەستی بوو کە مرۆڤ بە تەنها سەوزە و میوە بخوات، کەواتە بۆچی کۆئەندامی هەرسی بە جۆرێك دروست کردووە کە هەردوو جۆری گیا و گۆشت هەرس بکات.

**6. تەنانەت ڕووەکیش ژیانی هەیە:**

هەندێك ئایین بە تەواوەتی گۆشتی ئاژەڵ قەدەغە دەکەن بەهۆی ئەوەی کە بە تەواویی دژی کوشتنی هەموو زیندەوەرێکن. لە ڕابردوودا خەڵکی وایان دەزانی ڕووەك ژیانی نییە، بەڵام ئەمڕۆ ئەوە زانستێکی گەردوونیە کە ڕووەك ژیانی هەیە و زیندەوەرە. کەواتە ئەو مەنتیقەی ئەوان پەیڕەوی دەکەن جێبەجێ نابێت بۆ ئەوەی کە گۆشتی ئاژەڵ نەخۆن واتە گەر پێیان وابێت هیچ زیندەوریێکیان نەکوشتووە.

**7. تەنانەت ڕووەکیش هەست بە ئازار دەکات:**

دەڵێن بەڵێ وایە کە ڕووەك زیندووە، بەڵام خۆ ڕووەك هەست بە ئازار ناکات، کەواتە کوشتنی ڕووەکێك کەمتر تاوانە بە بەراورد بە کوشتنی ئاژەڵێك. ئێمەش دەڵێین زانستی سەردەم دەڵێت تەنانەت ڕووەکیش هەست بە ئازار دەکات، بەڵام دەنگی هاواری ڕووەك نابیسترێت لە لایەن مرۆڤەوە، ئەم ڕاستییە پەیوەستە بە توانای گوێی مرۆڤەوە بۆ نەبیستنی دەنگێگ کە لەو ئاستەدا نییە مرۆڤ بیبیستێت، وەك 20 هێرتز بۆ 20000 هێرتز. هەموو دەنگێك کە لە خوار یان سەرووی ئەم ڕێژەیەوەیە ناتوانرێت ببیسترێت لە لایەن مرۆڤەوە. سەگ دەتوانێت شەپۆلی دەنگیی نزیکەی 40000 هێرتز ببیستێت. بۆیە هەندێك جار دەنگی سەگ نابیسترێت کە شەپۆلەکەی لە 20000 هێرتز زیاتر بێت و کەمتر لە 40000 هێرتز بێت. ئەم دەنگە نزمە بە تەنها لە لایەن سەگەکانەوە دەبیسترێت و بەڵام لە لایەن مرۆڤەکانەوە نابیسترێت. کەواتە سەگەکان دەنگی نزمتر دەبیستن بە بەراورد بە توانای بیستنی مرۆڤەکان. توێژینەوەکە لە لایەن ڕووەکزانێکەوە کراوە لە ئەمریکا کە ئامێرێکی داهێناوە، دەنگی ڕووەکەکان بەرز دەکاتەوە بە جۆرێك کە مرۆڤ بتوانێت بیبیستێت. ئەو ڕووەکزانە لە توانایدا بوو دەنگی ڕووەکەکان ببیستێت کە هاوار دەکەن بۆ ئاو. توێژینەوەی ئەم دواییانە دەریخستووە کە ڕووەکەکان دڵخۆش و دڵ تەنگ دەبن و دەتوانن بگرین و هاوار بکەن.

**8. زۆر زیاد بوونی ژمارەی ئاژەڵی جیهان:**

ئەگەر هەموو مرۆڤەکان گۆشت نەخۆن ژمارەی ئاژەڵی جیهان زۆر زیاد دەکات، چونکە وەچەخستنەوەیان زۆر خێرایە، بەڵام خودا خۆی دەزانێت کە چۆن ژمارەی بوونەوەرەکانی هاوسەنگ بکات. ئێستا خەیاڵ بکە ژمارەی ئاژەڵ لە جیهاندا کارەسات بار دەبێت، چەند زۆر دەبوو ئەگەر خواردنی ئاژەڵ قەدەغە بووبا.

**9. نرخی گۆشت زۆر بەرز نیە لە کاتێکدا هەموو خەڵکی گۆشت ناخۆن.**

**کوشتنی ئاژەڵ بەپێی ڕێسای ئیسلام نەك هەر مرۆڤانەیە، بەڵکو لە ڕووی زانستیەوە باشترین ڕێگەیە:**

**-1 شێوازی ئیسلامی لە کوشتنی گیانەوەران:**

"إلا ما ذكيتم" إلا ما طهرتموه بالذبح الذي جعله الله طهورا (تفسير الطبري)، واتە: مەگەر ئەوەی کە بە سەربڕین پاکی دەکەنەوە. لە شێوازی ئیسلامیدا بۆ کوشتنی پێویستە چەند خاڵێك پەیڕەوی لێ بکرێت:

أ- گیانەوەرەکە پێویستە سەربڕدرێت بە کەرەستەیەکی تیژ. بۆ کەمکردنەوەی ئازاری گیانەوەرەکە پێویستە

چەقۆیەکی تیژکراو بەکار بهێنرێت و کردارەکە بە خێرایی تەواو بکرێت.

ب- پێویستە قورگ و بۆری هەوا و شاخوێنبەر و خوێنهێنەری گیانەوەرەکە ببردرێت، ئەمانەش دەبنە هۆی مردنی گیانەوەرگە بە بێ برینی درکە پەتك (الحبل الشوكي).

ج- خوێنەکە پێویستە بە تەواوەتی بتکێتەوە و لە دەمارەکان بێتە دەرەوە:

پێش ئەوەی کەلەسەری بە تەواوەتی لێبکرێتەوە پێویستە خوێنەکە بە تەواوی تکابێتەوە، مەبەستیش لەوەی خوێنەکە بێتە دەرەوە ئەوەیە کە خوێن ناوەندێکی خێرایە بۆ گواستنەوەی زیندەوەر و میکرۆبە بچوکەکان، درکەپەتکیش پێویستە نەبردرێت چونکە ڕیشاڵە دەمارەکانی پەیوەست بە دڵەوە لە کار دەکەون لە کاتی وەستانی دڵدا، ئەمەش دەبێتە هۆی مانەوەی خوێنی میکرۆباوی لە خوێنبەرەکاندا.

**2- خوێن مۆڵگەی سەرەکی میکرۆب و بەکتریایە:**

خوێن ناوەندێکە بۆ گواستنەوەی میکرۆب و بەکتریا و ماددە ژەهراوییەکان، کە دەبنە هۆی جۆرەها نەخۆشی. لەبەر ئەوە شێوازی موسڵمانان بۆ سەربڕینی ئاژەڵ زۆر پاکترە، چونکە ئەو خوێنە فڕێ دەدرێتە دەرەوە.



**3- گۆشتەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بە پاکژی دەمێنێتەوە:**

گۆشتی گیانەوەری سەربڕاو بە شێوازی ئیسلامی بۆ ماوەیەکی زۆر بە پاکژی دەمێنێتەوە بە هۆی خوێنی گیانەوەرەکە بە بەراورد بە شێوازی تری سەربڕین.

**4- گیانەوەرەکە هەست بە ئازار ناکات:**

خێرا برینی خوێنبەرەکانی مل، وروژمی خوێنەکە دەوەستێنێت کە بۆ دەمارێکی مێشك دەچێت کە بەرپرسە لە ئازار، بۆیە گیانەوەرەکە هەست بە ئازار ناکات.

لە کاتی مردنی گیانەوەرەکەدا جوڵەجوڵ و لەرزە لەرز و پەلەقاژێ دەکات، ئەمانە بە هۆی ئازارەوە نین بەڵکو بەهۆی چوونەوەیەك و خاڵی بوونەوەی ماسولکەکانە لە خوێن و وروژمی خوێن بەربوون لە لەش.

دەڵێن؛ خواردنە نا ڕووەکییەکان وا لە موسڵمانان دەکەن توند و تیژ بن! زانست پێمان دەڵێت هەر شتێك کە کەسێك دەیخوات کاریگەری لەسەر ڕەفتاری دەبێت، کەواتە بۆچی ئیسلام ڕێگە بە موسڵمانان دەدات خواردنی ناڕووەکی بخۆن لە کاتێکدا **خواردنی گیانەوەر مرۆڤ توندوتیژ و دڵڕەق دەکات؟**

وەڵام:

**1- تەنها خواردنی گیانەوەری ڕووەك خۆر ڕێگە پێ دراوە:**

مرۆڤ هەرشتێك بخوات کاریگەری لەسەر ڕەفتاری دەبێت، ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی قەدەغەکردنی خواردنی گۆشتی گیانەوەری گۆشتخۆر، وەك: شێر و پڵینگ و پشیلە و هتد... ئەم گیانەوەرانە توندوتیژ و دڵڕەقن. ئیسلام بە تەنها ڕێگا دەدات بە خواردنی گیانەوەرە ڕووەك خۆرەکانی وەك: مانگا و بزن و مەڕ و هتد... کە ئاژەڵگەلێکی ئاشتیخواز و دوورە شەڕن.

**2-خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت:**

-﴿ يَأۡمُرُهُم بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَىٰهُمۡ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ ﴿١٥٧﴾ ﴾ الاعراف، واتا: (پێغەمبەر ﷺ فەرمانیان پێ دەکات بە دادگەری و ڕێگریان لێ دەکات لەوەی خراپە).

-﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ ﴿٧﴾ ﴾ الحشر، واتا: (جا هەر چییەك کە نێردراوەکەی خودا ﷺ فەرمانتان پێ دەکات بە جێی بهێنن و هەرچییەکیش ئەوە لێی قەدەغە کردن لێی دووركەونەوە).

بۆ موسڵمانان وتەی پێغەمبەر ﷺ بەسە ڕازی بکات بە ئەوەی کە خودا ویستی وایە مرۆڤەکان گۆشتی هەندێك گیانەوەر بخۆن و لە هەمان کاتدا گۆشتی هەندێك گیانەوەر نەخۆن.

**3- وتەی پێغەمبەری خودا ﷺ لە بارەی قەدەغەکردنی خواردنی گۆشتی گیانەوەرە گۆشت خۆرەکانەوە بە پێی چەند فەرموودەیەکی دروست کە لە صەحیحی بوخاری و موسلیم و لەگەڵ فەرموودەیەکی تر کە ئیبن عەبباس گێڕاوێتیەوە لە صەحیحی موسلیمدا: (کتاب الصید (4752)). هەروەها سونەنی ئیبن ماجە بەشی (13) ژمارە (3232-3234).**

**4- پێغەمبەری خودا خواردنی ئەمانەی قەدەغە کردووە:**

أ- گیانەوەرە کێوییەکان و کەڵبەدارەکان، واتە گیانەوەرە گۆشتخۆرەکان، ئەم گیانەوەرانەش لە خێزانی پشیلەکانن، وەك شێر و پڵنگ و سەگ و گورگ و کەمتیار و... هتد.

ب- قرتێنەرەکانی، وەك مشك و جرج و کەروێشکی چرنووکدار و... هتد.

ج- خشۆکەکان، وەك مار و تیمساح و... هتد.

د- باڵندەی ڕاوی چرنووك تیژ، وەك هەڵۆ و باز و قەلەرەش و کونەپەپوو و... هتد.

سەرچاوە:

Dr. Zakir Abdul Karim Naik. Answers to non-Muslims' common questions about Islam. Islamic Research Foundation.



# کاریگەری خراپی دەنگی بەرزی ئامێرەکانی ژەنین..

ن: ڕامان عبدالخالق

ئیسلام بە ڕەهایی ڕێگەی نەداوە بە گوێگرتن لە ئامێرەکانی ژەنین و قەدەغەی کردوین لە بەشداریکردن لە ئاهەنگە نالەبارەکان و تێکەڵاوی ئافرەت و پیاو لە هۆڵ و باڕەکان و یانەی شەوانە.. کە لەم سەردەمە گرینگییەکی زۆری پێدەدرێت و گەنجی بۆ هاندەدرێت ئافرەتی دانەپۆشراوی تیا بەکاردێت و گۆرانیەکانیان پڕە لە وشەی نەشیاو، دوور لە ئەدەب، خواردنەوەی مەی و جۆرەها کاری دوور لە بەها بەرزەکانی تیادا ئەنجامدەدرێت، بە جۆرێك لە ڕەوشتی مرۆڤبوون دەردەچن و هەڵسوکەوت و خووی ئاژەڵ دووبارە دەکەنەوە.. ئەم بەربڵاوییەش وەکو یەکێك لە نیشانەکانی هاتنی ڕۆژی دوایی هاتووە، وەکو پێغەمبەرﷺ لەم فەرموودەیە ئاماژەی پێداوە: "يكون في أمتي قذف وخسف ومسخ". قيل: يا رسول الله ومتى ذلك؟ قال: "إذا ظهرت المعازف، وكثرت القيان وشرب الخمر"[1].

واتا: لە ئومەتی من خەلکی پەیدا دەبن پەلار و قسەی خراپ و ناپەسەند دەهاوێن و زەوی رووەدەچێت بەناخیا و خەلك لە رەوشت و کرداری خۆی دەردەچێت بۆ رەوشتی ئاژەلان. وتیان ئەی پێغەمبەری خوا کەی ئەمە دەبێت؟ فەرمووی: کاتێ ئامێری هەمەچەشنی ژەنین پەیدا دەبن و زۆربونی ئافرەتی گۆرانیبێژ و خواردنەوەی مەی.

لە هەمان کاتدا ئیسلام ڕێگری کردووە لە دەنگی بەرز، وەك لە قورئانی پیرۆز، لەسەر زاری لوقمانی حکیم کە ئامۆژگاری کورەکەی دەکات هاتووە، نمونەی دەنگی بەرزی بە دەنگی (گوێدرێژ) هێناوە، داوا لە کورەکەی دەکات بە هێواشی قسە بکات، وەك دەفەرموێت: ﴿وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلۡأَصۡوَٰتِ لَصَوۡتُ ٱلۡحَمِيرِ ١٩﴾ لقمان. وەك زانراوە لەرەلەری دەنگی گوێدرێژ لەسەرووی لەرەلەری دەنگی ئاساییە (20 هێرتز) کە مرۆڤ توانای بیستنی هەیە[2]. دەنگی گوێدرێژ دەتوانرێ لە دووریی سێ کیلۆمەترەوە ببیسترێ. هەر ئەم لەرە بەرزەشە کە لە ئاهەنگی باڕ و یانەکاندا بەکاردێت، کە بیر و هۆشی مرۆڤ بۆ لای خۆی رادەکێشێت و بێئاگای دەکات لە دونیا، بە بێ هەستکردن بە کاریگەریە خراپەکەی.

هەروەها پێغەمبەرمان ﷺ لە مزگەوتدا ئامۆژگاری هاوەڵان دەکات بەوەی دەنگیان بەرز نەکەن هەتا لە کاتی قورئان خوێندن و پاڕانەوەشدا بێت: "يا أيها الناس كلكم يناجي ربه، فلا يجهر بعضكم على بعض في القراءة"[3]. تەنها ئیمامی مزگەوت نەبێت، کە بە پێی پێویست دەنگی بەرز دەکاتەوە تاوەکو خەڵکەکە هەمووی قسەکانی ببیستێت...

هەروەها لە ئایەتێکی تردا خودای گەورە باس لە سەرەنجامی خراپی ئەم کارە دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ٦ وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا وَلَّىٰ مُسۡتَكۡبِرٗا كَأَن لَّمۡ يَسۡمَعۡهَا كَأَنَّ فِيٓ أُذُنَيۡهِ وَقۡرٗاۖ فَبَشِّرۡهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٖ ٧﴾ لقمان.

1- راوه الترمذي وصححه الالباني: 3/255.

2- http://bayanelislam.net/Suspicion.aspx?id=04-04-0005

3- رواه احمد ومالك و صححه الالباني 7/455.

